# کەندیناوە

## لەنێوان

## راگواستن و بەعەرەبکردندا



کـــاوە نـــادر

خەرمانانی ٢٧٠١   ئابی ٢٠٠١

کوردستان – هەولێر

لە بلاّوکراوەکانی رۆژنامەی [illegible] ژمارە ( ٢١ )



# کەندێناوە لەنێوان
# راگواستن و
# بەعەرەبکردندا

کـــاوە نـــادر

- کەندێناوە لەنێوان راگواستن و بەعەرەبکردندا
- نووسەر: کاوە نادر
- پیت چنین و نەخشەسازیو بەرگ: کۆمپیوتەری دەریا
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانەی ماردین / هەولێر
- لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی میدیا، ژمارە (٢١)

پێشکەشە:

**- بەگیانی پاکی باوکی شەهیدم.**

**- بەگیانی هاوڕێی شەهیدم ( مامۆستا رەئوف ئاکرەیی سەرکردە )**

**- بەوانەی بەربەرەکانێو ریسوایی راگواستن و بەعەرەبکردنی کوردستان دەکەن.**

# پێڕست


– پێشەکی

– چەند وتەیەکی پێویست

– کەندێناوە لەنێوان راگواستن و بەعەرەبکردن دا

– مێژووی ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە

–هۆکارەکانی راگواستن

هۆکارەکانی ئابووری

أ– نەوت / نەوتی ناوچەی کەندێناوە

ب– کشتوکاڵ

٢– هۆکارە سیاسیو ستراتیژییەکان

– هەوڵەکانی راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەی کەندێناوە

– قۆناغەکانی راگواستنی ناوچەی کەندێناوە

١–شاڵاوی حەرەس قەومییەکانی ١٩٦٣.

* شەڕی دارەخورما

٢–راگواستنی ساڵی ١٩٧٦

٣–راگواستن بەهۆی شەڕی کوردستان

٤–راگواستنی ساڵی ١٩٨٧

–رۆڵی ناوچەی کەندێناوە لەجولانەوەی نیشتمانی کوردستاندا

– هۆکارەکانی بەگوڕبوونی جولانەوەی سیاسی لەناوچەی کەندێناوە

– شۆڕشی چەکداریو ناوچەی کەندێناوە

–مستوطنەکۆلۆنیالیستە عەرەبیەکانی چاندراو لەناوچەی کەندێناوە

–راگواستن و بەعەرەبکردنی کەندێناوە کوردستانی بوونی ناسڕێتەوە

–راگواستن و بەعەرەبکردن سزای بەکۆمەڵ و پێشێل کاریەکی مافی مرۆڤە

–مێژووچەیەکی شارۆچکەی دیبەگە

– لەڕووی ئیدارییەوە

– مێژووی ئاوەدانکردنەوەی دیبەگە

– شوێنە دیارەکانی دیبەگە

– لەڕووی دەزگاکاندا

لەڕووی سیاسییەوە



دیمەنێک لەشاری دییەگە

# پێشەکی

## غەفوور مەخمووری

ڕژێمی داگیرکەرو فاشی عێراق بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووەو دایە، کە مۆرکی نەتەوەیی لەشارو شارۆچکە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان دابماڵێت و لەڕووی دیمۆگرافییەوە؛ دیمۆگرافیای ئەو ناوچە کوردییانەی ژێر دەسەڵاتی بگۆڕێت. بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەستی کردووە بەڕاگواستن و بەعەرەبکردن کردنی ئەو شارو شارۆچکانەو بەردەوام عەرەب دێنێتە شوێنی ئەو کوردانەی کە ڕایگواستوون. ئەم پیلانەی ڕژێمی داگیرکەری عێراق لەساڵانی هەشتاکان و بەتایبەتی لەساڵی ١٩٨٨ گەیشتە چلەپۆپەو زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار گوندو شارو شارۆچکەی باشووری کوردستانی وێران کردو خەڵکەکەشی بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ڕاگواست. ڕژێمی داگیرکەری عێراق لەم ماوەی ١٠ ساڵەی ئازادی باشووری کوردستاندا بەردەوامە لەسەر ئەم سیاسەتە گڵاوەی‌و ڕۆژ بەڕۆژ خۆی نزیکی سنووری ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان دەکاتەوەو (مستوطنات)ی نوێ بۆ عەرەبەکان دروست دەکات و زەوی‌و زارو ماڵ و حاڵی کوردانیان پێ دەبەخشێت.

ئەم سیاسەتەی ڕژێمی داگیرکەری عێراق هەڕەشەیەکی گەورەیە ڕووبەڕووی نەتەوەکەمان بۆتەوەو کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر دوارۆژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەیە. بۆیە دەبێت بەهەموو لایەکمان لەدژی بوەستینەوەو لەسەری بنووسین و لەسەر هەموو ئاستێك نەتەوەکەمانی لێ وشیار بکەینەوە.

ئەم پەرتووکەی بەڕێز مامۆستا کاوە نادر (کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا) هەوڵێکی دڵسۆزانەو وڵاتپارێزانەیە بۆ بەرگرتن لەسیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و نیشاندانی کاریگەری سلبیانەی

ئەم پیلانە گڵاوەی رژێمی داگیرکەری عێراق لەسەر دواڕۆژی ئاسایشی نەتەوەییمان.

ئەم دەڤەرەی مامۆستا (کاوە نادر) لەسەری نووسیوە (دەڤەری کەندێناوە) دەڤەرێکی زۆر گرنگی باشووری کوردستانەو یەکێکە لەدەڤەرە دەوڵەمەندەکانی کوردستان چ لەڕووی زۆری کانە نەوتەکان و چ لەڕووی بەپیتی زەوی‌و زاری کشتوکاڵی بێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە رژێمی داگیرکەری عێراق چاوی تێبڕێت و لە ئابی ١٩٨٨ خەڵکە تێکۆشەرەکەی رابگوازێ و بەعەرەبکردن بکات، لەبەر ئەوەی رژێم بەردەوام هەوڵی داوە شادەماری ئابووری کوردستان بڕێت.

نووسەر هەوڵیداوە گرنگی ناوچەکەو هۆکارەکانی راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکە بخاتەروو، زۆر زیرەکانە مەبەستەکانی پێکاون، جگە لەمە کورتەیەکی مێژوو و جوگرافیاو شوێنەوارەکانی ناوچەکەشی خستۆتە روو، لەهەمووشی چاکتر خستنە رووی خشتەو نەخشەکانە، کە ئەوپەڕی هیلاکی‌و خۆ ماندووکردنی نووسەر وەدەردەخەن، بەمەش خزمەتێکی باشی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردووە. دەکرێ ئەم نووسینەی نووسەر بکرێتە بەردی بناغە بۆ لێکۆڵینەوەو خستنەروو لەسەر نووسینی ناوچە تەعریب کراوەکانی تری کوردستان.

خۆزگە دڵسۆزێکیش دەبوو لەسەر سیاسەتی (تەتریك لەباکووری وڵات و تەفریس لەڕۆژهەڵاتی وڵات و تەعریب لەڕۆژئاوای وڵات)یدا دەنووسی، لەبەرئەوەی هەریەك لەداگیر کەرانی کوردستان لەلای خۆیەوە دەستی کردووە بەگۆڕینی دیموگرافیای کوردستان و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا.

لەکۆتاییدا؛ بەپێویستی دەزانم کە دەستخۆشی لەنووسەر بکەم و، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتری بۆ بخوازم، هیوادارم کە لەم بوارەدا زیاتر خۆی ماندوو بکات و شتی ترمان پێشکەش بکات.

٢٥ / ١٠ / ٢٠٠١

**هەولێر - باشووری کوردستان**

# چەند وتەیەکی پێویست

ناوچەی دەشتی هەولێر (قەراج، کەندێناوە، مولکیە، شەمامك) یەکێ لەناوچە ستراتیژیو گرنگەکانی باشووری کوردستانەو دەمێکە کۆلۆنیالیستی عێراقی چاوی تێ بڕیوە، بۆ ئەوەی لەباشووری کوردستانی دابڕێ و کوردانی تیادا بەزۆر ڕاگوێزێتەوەو عەرەب نشینی بکات، ناوچەی کەندێناوەش کەبەشێکی گرنگە لەو دەشتە پان و بەرینە، لەوەتەی حزبی بەعسی عێراق بۆ جاری دووم هاتۆتە سەرکار مرخی خۆی لەراگواستن و بەعەرەبکردنی خۆش کردووە، سەرەتای هەوڵەکانی لەساڵی ١٩٧٦دا (٢٩) گوندی لێ دابڕیو خستیە سەر قەزای دوبزی، کەرکوك،و کوردانی لێ بەزۆر راگوێز کرد و پاشان چەند مستوطنەیەکی ئیستعماری تیادا دامەزراند، تا لەگەڵ قۆناغەکانی شالاوی ئەنفالی بەدناو تەواوی گوندەکانی کوردانی لێ ڕاگوێزاو لەئابی ١٩٨٨دا دوایین پێگەی کوردانی بەزۆر راگوێز کرد (شارۆچکەی دیبەگە)[1] بەم شێوەیە زەمینە خۆشبوو بۆ مەبەستە رەگەزپەرستەکەی بەعس لە بەعەرەبکردنیدا، ئەوە بوو لەدوای راپەڕین سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی لەلایەن داگیرکەری بەعس، ئەو مستوطنەنانە رووی لەزیادیو بەرفراوانی کردو لەساڵی ١٩٩٤ بەپێی بڕیارێکی بەناو (فرمانی کۆماری) دەست بەسەر تەواوی خاوەنداریەتی تایبەت و گشتی زەویو زارە کشتوکاڵییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە داگیرا، ئێستا بەجدی هەوڵی ئەوەی تیادەدرێ لەسیمای کوردەواری بسڕێتەوەو بەڕەسمی بخرێتە سەر پارێزگای موسڵ.

نوسینیش لەسەر ناوچەیەکی ئەوها هێندە ئاسان نییە بەتایبەتی سەرچاوەکانی بەردەست زۆر هەژارن لەبابەت زانیاری لەسەر ئەو ناوچەیەوەو

١-لەساڵی ١٩٨٩ سەدام حوسێن گوندی دێمەکاری داوە بە(مام عزیز حسن بندیان) ئێستا بە ٤١ ماڵ ئاوەدانەو تاکە گوندی کوردانە لەو ناوچەیە.

ئەو ژمارەو ئامارانەش کە هەیە رەنگە بەدەستی ئەنقەست داگیرکەر لەژوورە تاریکەکان گلی دابێتەوە.

بیرۆکەی ئەم بابەتە سەرەتا لەنوسینێکی تایبەت بەراگواستنی زۆرەملێ لەکوردستاندا (کۆلۆنیالیزمی عێراقی و راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان) لەلام گەڵاڵە بوو دوای لێکدانەوەو تاوتۆکردنی زانیاری و ئامارەکانی بەردەستم، هەستم کرد ئەو نوسینە کە تایبەتە بەدەشتی کەندێناوە دەکرێ لەنوسینەکە جودا بکرێتەوەو بەتەنیا بڵاو بکرێتەوە، بابەتی راگواستنی زۆرەملێش لەدەرفەتێکی دیکە بەتێرو تەسەل تر بڵاوبکرێتەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەو نوسینە خاکەڕاییە (متواضعە)ی بەردەست ئەوەیە ناوی ئەو ناوچەیەش لەبیر نەکرێ و هەریەك لەئاستی خۆی و بەپێی توانا ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستییە (راگواستنی زۆرەملێ و بەعەرەبکردن) ریسواو شەرمەزار بکات، بەلانی کەمیش ئەو زانیارییە کۆکراوانەی زێدی باوك و باپیرانمان کەبێ گومان هەست و سۆزمان لەخەڵکی دیکە پتر بۆی دەجولێ، دیکۆمێت بکرێ لە نوسینێکی ئەوهاداو لەوەپێشیش چەند زنجیرەیەکی هەڵبژاردەی ئەو نوسینەیەشمان لەڕۆژنامەی (رێگای رەنجدەران) بڵاوکردۆتەوە.

ئێمە لێرەدا دەڵێین هەموو کارێك بێ کەم و کوڕی نابێ و ئومێدەواریشین کە خوێندەواران بەتایبەتی کەسانی ئەکادیمی و ئاگادار بایەخ بەو بوارانە بدەن و داگیرکەری شۆڤینست پتر ریسواو تاوانبار بکەن،

لەگەڵ سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

کاوە نادر
ئابی ٢٠٠١
گەلاوێژی ٢٧٠١
هەولێر- کوردستان

# کەندێناوە لەنێوان

# ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا

یەکێ لەو ناوچانەی کە لەسەردەستی کۆلۆنیالیستی عێراقی ڕووبەڕووی ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەعەرەبکردن بۆتەوە لەباشووری کوردستان دا، ناوچەی کەندێناوەیە کە لەبنەڕەتدا بەشێکە لەو پیلان و بەرنامەو شاڵاوانەی کە ڕژێمی عێراق جێبەجێیان دەکات بۆ گۆڕینی دیموگرافیای نەتەوەیی لەم پارچەیەی کوردستانداو، داڕشتنەوەی دیموگرافیای باشووری کوردستان بەپێی خواست و ویستە ناڕەواو ڕەگەز پەرستییەکانی حزبی بەعسی عێراق.

ناوچەی کەندێناوە کە یەکێ لەبەشە سەرەکییەکانی دەشتی هەولێرە دەکەوێتە خواروی هێڵی (٣٦)[1]ی پان و هێڵی (٤٣-٤٤) درێژ لەخواروی ڕۆژئاوای شاری هەولێرە، دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ (١٧٧٦٦)[2] کەس بووەو ڕووبەرەکەی (٧٤٠کم$^2$)[3]و لە ٧٢ گوند پێك هاتووەو سەنتەری ئیداریشی شارۆچکەی دیبەگەیە[4] کە ٤٢کم لە هەولێرو ٢٨کم لە قەزای مەخموور دوورە، کەوتۆتە ئامێزی چیای بلباس (قەرەچوغ)[5] ٧٨٥م لە باشوورو بەرزاییەکانی زورگەزراو (٥٤٠)م لە باکوورو زێی بادینان (گەورە) لە ڕۆژئاواو زێی بچووك (پردێ) لە ڕۆژهەڵات دایە، تەواوی ناوچەکە ٢٧٥م لە ئاست ڕووی دەریا بەرزە[1]. ناوچەیەکی بەپیتەو پشت چاندنی گەنم و جۆ، خاکێکی قاوەیی گەنم ڕەنگی هەیەو

---

١-چەند گوندێك لەناوچەی کەندێناوە دەکەوێتە ناوهێلی (٣٦) ئێستا لەلایەن داگیرکەری عێراقی داگیرو بەعەرەب کراوە بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) لەلاپەڕە (١٤).

٢-مەخموور زێدی کوردان- سەباح تاهیر، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٢٢٢٦-٢٠٠١/٨/١٦، ل٧.

٢- ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسییان ئەمین قادر مینە، چاپی دووەم.

٣- لەڕاستیدا ئەم دەشتایە ٨٠کم ، ١٦کم کە دەکاتە ١٢٢٠کم٢ بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی دەکەوێتە ناحیەی گوێڕو ناوچەیەکی فراوانی لێ دابڕاوەو بەقەزای دوبز لکێنراوە بۆیە ئەم ڕووپێوەمان هەڵبژارد.

٤- ئەم گوندانەش هەر بەدەشتی کەندێناوە دەژمێردرێ بەڵام سەر بەناحیەی گوێڕن:

زەمزەمۆك (کورد)و زەمزەمۆکی عارەب، بەرزەوار، سەید ئەمین، ماجیداوە، مچلوبە (لهێب)، کراوڕەش (شێخان) زمارەی سابیر (ئاکۆ، گەردی، مەموند)، زمارەی حەسۆنی (سنبس) سێ چارە (سەیدو سارمەمی) کەپران (گەردی)، دەرماناوە (عارەب، سەید)، ساقیە کوردو عارەب

(جبور) کوشافی کوردان (سارمەمی) (فەقێ مەرکی) کوشافی عارەب (ماتوك و جبور) پێنج ماڵە کوردی گەردیشی تێدایە.

٥- قەرەچوغ: ناوە بەتورك کراوەکەی چیای بلباسی سەرکەشەو تائێستا لەلایەن زۆربەی خەڵکە بەساڵاچوەکانی ئەو ناوچەیە ناوە ڕەسەنە کوردییەکە بەکاردەهێنن.

چاندنی گەنم و جۆ، خاکێکی قاوەیی گەنم ڕەنگی هەیەو ڕێژەی (عزوی) ١-٢٪ لە ٢٥-٣٠سم سەر زەویی تێدایە[٢]، ڕێژەی لە نەوراییەکان پترە لەوەی بەرزاییەکان لەناوەڕاستی ئەو دەشتەیە کەندێکی گەورە هەیە ئاوی بارانی پێدا ڕەت دەبێت، ئاو ڕێژی بەشێکی بۆ زێی بادینانەو بەشەکەی دیکەی بۆ زێی بچووکە هەر بۆیە بە کەندێناوە ناوزەد کراوە.[٣].

تەواوی ناوچەکە کوردی موسڵمانی شافعین و بە چاندنی گەنم و جۆی پشت بەستو بە ئاوی باران و مەڕ داری خەریك بوون، پێش کۆچ کردنی جولەکەکان ساڵی ١٩٤٨، سەد ماڵێکی جولەکەی لێ بووە، کە زۆربەیان خەریکی خمچێتیو مامەڵەو پیشەی دەست سازی بوون. ئەم ناوچەیە بێجگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگە، ناوچەیەکی ستراتیژیو نەوتاوییەو تەواوکەری حەوزی نەوتی کەرکوکە و پتر لە ١٥٠ چاڵە نەوتی تێدایە[٤].

هەندێکی بەرهەمی تیادا دەردەهێنرێو هەندێکی دیکەش هێشتا داخراوەو نەوتی تیادا دەرناهێنرێ.

چاڵە نەوتییەکان و ستراتیژییەتیی ناوچەکە دوو هۆکاری سەرەکی بوون، بۆ ئەوەی ناوچەکە تووشی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەکوردان ببێتەوەو بەعەرەب بکرێ.

---

١-جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق- کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین-چاپی یەکەم ١٩٩٨ هەولێر ل٥٥

٢-هەمان سەرچاوەی پێشو ل٥٥.

٣-ئەو کەندانەی لەزێی کەندێناوە دەکەنەوە ئاوڕێژیان بۆ ڕووباری زێی بادینانە (گەورە):

أ-قوڕەبەگی گەورە: کەچەند کەندێکی بچووکتری تێدادەکاتەوە

- کەندی پاقلە: لە تەلەلخێم و سێ چارەو زمارەی عارەبانە،
- کەندی بن ماران: لەبن ماڵانی تەلەلخێمی گەورەیە
- کەندی وەکازە: لە زێی دەکاتەوە
- کەندی عارەب
- کەندی گەڕەدوێنە: لە زورگەزراو دێتە خوارێ لە بەینی شۆڕەزەرتکەو ماجیددا تێکەڵ بەکەندی کەندێناوە دەبێتەوە.

ب-کەندی کەلباو: لەلای گوندی کورتان دروو دێتە خوارێ و لە شۆڕەزەرتکە تێکەڵ بە کەندێناوە دەبێتەوە.

ج- کەندی سەیدۆکە: لەبەینی ئیدیقو حەسارۆکان تێکەڵ بە کەندێناوە دەبێتەوە لەنزیك قەبرستانی سید عوبێد.

ء-کەندی زیخماران: لە زوورگەزراو دێتە خوارێ و لە دەروازەی شۆڕەزەرتکە تێکەڵ بە کەندێناوە دەبێتەوە.

ه-کەندە گڕۆڵە: لەبیرەبەرازە دێت و. لەسەید عوبێد نزیك (حەور)کە ئەستێلکێکی ئاوە لە کەندێناوە دەکاتەوە.

هەندێ لەو کەندانەی ئاوڕێژیان بۆ زێی بچووکە:

١-کەندی جوجە لە بەرامبەر دێمەکار دەرژێنە کەندی کەنداڵە قەل ب-کەندی نەبی شەرەفە ج- کەندی زەرەندان ء-کەندی کەنداڵە قەڵ ه- کەندی عاڵلا و- کەندی چەغەمیرەی- کەندی شەنەغە.

٢- ئەمنی ستراتیژی عێراق- سێ کوچکەی بەعسیان (١٩٩٩) چاپی دووەم، سولەیمانی ل١٨٠.

# مێژووی ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە

بەپێی چەندین شوێنەوارو پاشماوەی کۆن ( ئەشکەوت و غەڕو سەنگەرو بیرو کانیاوەکان)[1] لەناوچەکەو ناو چیای بلباس ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم ناوچەیە لەکۆنەوە ئاوەدان بووە، بەپێی زانیاریو سەربردەی سەرزاری خەڵکی ناوچەکە لەدوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ئاوەدانی تێدا بووەو، لەچاخی ناوەڕاستەکان و دەورانی میرنشینی بابان و سۆران شەڕو پێکدادان و ململانێی زۆر لە ناوچەکە روویداوە، تاوەکو لەکۆتایی سەدەی دەهەمدا یەکلابۆتەوە بۆ قازانجی میرنشینی سۆران کە سنووری لەگەیارەو شەرگاتیش تێ پەڕیوە[2].

لەپێش هاتنی ئاغاکانی دزەیی بۆ ئەم ناوچەیە لەلایەن بابان و بلباس و مەنتك و فەقێ مەرکی ئاوەدان بووە بەتایبەتی لەلایەن مەڕدارانی بلباس شوێنی حەوانەوەی زستانیان بووە، بەهۆی زۆری (سەرانە) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی خەڵکەکەی زۆر بەکەمی خەریکی کشتوکاڵ بوون، بەڵام لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەم دا، دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیو دابین کردنی سەرە رێی نێوان (کەرکوك ، موسڵ ، بادینان، ئەستەمبۆڵ) کە بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕی هانی نیشتەجێ بوونی خەڵکی تێداداو پاش یەکلابوونەوەی ململانێ بە قازانجی میری سۆران ، بڵباسەکان لەناوچەکە کشانەوەو دەوڵەتی عوسمانیش هانی خەڵکە تازە نیشتە جێ بووەکانیدا، کە لەدەوروبەری برایم ئاغای دزەیی مەخمووری گرد ببنەوە، لەوەڕگاو پاوانەکان بکرێنەوە زەوی کشتوکاڵی بەتایبەتی ئەو ناوچەیە زەوییەکانی توخمی (سەنیە) دەوڵەتی بوون. بەشێوەیەکی کاتی لەباج و سەرانەیان بەخشیوون تا ئەوکاتەی ئاوەدانییەکی زۆری تیادا پەیدابووە، ئەوجا دەوڵەت داوای سەرانەی کردووەو جوتیارەکان لەگەڵ برایم ئاغا نەهاتنەبن باری ئەو فرمانەو چەندین شەڕو شۆڕ لەنێوانیاندا دروست بوو، تا رۆژی پاکتاو کردنی دوایین پێگەی کوردانی بەزۆر راگوێزراو (شارۆچکەی دیبەگە) ئەم ناوچەیە بەعەشیرەتە کوردەکانی (مامەسێنیو سیان و شێروان و بندیان و گەردیو رۆژبەیان و ئۆمەربل و گەلالیو سارمەمیو ئۆرمزیارو ئالیکوتکیو فەقێمەرکیو بڵباس هتد) ئاوەدان بووەو یەك ماڵە عەرەبیشی تێدا نەبووە.

---

١- لەسەروی گوندی (گەڕە سۆر) لەبەری چیای مامە ڕەش (قەرەچوغ) شوێنێك هەیە پێی دەگوترێ (سەنگەران) چەندین مەنجەڵ و غەرو شوێنی خۆ قایمکردنی تێدایە، خەڵکی شارەزای ناوچەکە وای بۆ دەچن کە ئەم شوێنە جێهەواری ئاشوورییەکانە کە خواستویانە خۆیان تێدا قایم بکەن و بەرگری لەشاری (نەینەوا) بکەن لەبەرامبەر شالاّوی میدیاکان. هەندێکی دیکە وامەزندە دەکەن ئەو شوێنە جێگای شەڕە بەراییەکانی ئەسکەندەری مەقدۆن و دارای فارسیە کە لەنزیك گوندی (حەزە)ی بن هەولێر بەقازانجی ئەسکەندەر یەکلا بۆتەوە.

٢-کوردەکانی سەردەمی عوسمانی- نوسینی (جەلیلی جەلیل) وەرگێڕان کاوێس قەفتان ١٩٧٩ ل١٥٠.

**نەخشەی ژمارە (١)**

**شوێنی ناوچەی کەندێناوە لە پارێزگای هەولێر**



## نەخشەی ژمارە ( ٢ )

## گوندەکانی ناوچەی کەندێناوە لەگەڵ کەندولەندەکانی



## نەخشەی ژمارە ( ٣ )

## ئەو گوندانەی کەندێناوە کە لە ناو هێڵی ( ٣٦ )ی پانی دایە



## خشتەی ژمارە ( ١ )

## ناوی ئەو گوندانەی دامینی چیای ( مام ڕەش ) و بلّباس ( قەرەچوغ )

| ز | گوند | ژ. ماڵ | ژ. کەس | قوتابخانە | نەخۆشخانە | مزگەوت | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | تەلەلخێم گچکە | ١٠ | ٢١٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢. | میللی هۆرت | ١٥ | ٢٤٩ | ١ | ٠ | ١ | لەناو خەڵك بەمیلە هۆرت ناودەبرێ |
| ٣. | ناسر کوژ | ٥ | ٣٢ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٤. | بیرە بەرازە | ١٥ | ١٠٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٥. | کورتان دروو | ٢٠ | ٣٢٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٦. | شێخە لاس | ١٠ | ١٣٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٧. | کە پەنك ڕەش | ٣٠ | ١٥٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٨. | مەلا کاغە | ٥٠ | ١٤٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٩. | گردە شینە | ٦٠ | ٢٨٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٠. | کەندال یارمچە | ٣٠ | ٣٠٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١١. | گاوەرە | ٧٠ | ٤١٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٢. | خدر جیجە | ٤٠ | ٤٠٢ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٣. | لاوەر | ١٧ | ٢٢٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٤. | حەسەن بلّباس | ١٥ | ١٣٩ | ٠ | ٠ | ١ | |
| ١٥. | حاجی شێخان | ١٥ | ١٦٠ | ٠ | ٠ | ١ | |
| ١٦. | دارە خورما | ٣٠ | ٢٢٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٧. | خۆشاو | ١٥ | ١٠٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٨. | دەرماناوە | ٣٠ | ١٤٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٩. | کەنداڵ قوتنی | ٣٠ | ١٢٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٠. | سێ بیران | ٢٥ | ٢٣٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢١. | تەل هەلالە | ١٥ | ٤٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٢. | گێسمە | ١٤ | ٩٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٣. | دڕکەی گچکە | ٥٠ | ١٠٢ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٤. | دڕکەی گەورە | ٨٠ | ٢٤٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| | کۆی خشتەی ( ١ ) | ٧٢١ | ٤٦٤٠ | ٢١ | ٠ | ٢٣ | |
| | کۆی خشتەی ( ٢ ) | ١٥٤٥ | ٧٥٧٦ | ٢٤ | ٢ | ٢٦ | |
| | کۆی خشتەی ( ٣ ) | ١٦١٢ | ٤٧٢٩ | ٢٥ | ٢ | ٢٣ | |
| | | | | | | | |
| | | | | ٧٠ | ٤ | ٧٢ | |
| | کۆی ناوچەکە | ٣٨٦٨ | ١٣٨١٨ | ٧٢ گوند لەگەڵ ناحیەی دیبەگە. | | | |

## خشتەی ژمارە (٢)

## ناوی ئەو گوندانەی دامینی زوورگەزراو

| ز | گوند | ژ. ماڵ | ژ. کەس | قوتابخانە | نەخۆشخانە | مزگەوت | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | سمایلاوە گچکە | ٥ | ٦٥ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٢. | سەیدۆکە | ٥ | ٣٠ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٣. | شۆڕە زەرتکە | ٥٠ | ٤٠٢ | ١ | ١ | ١ | |
| ٤. | سەید عوبێد | ٧٠ | ٣٢٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٥. | مەلا قەرە | ٢٠٠ | ٤٨٨ | ٢ | ١ | ٢ | |
| ٦. | ماجید | ٨٠ | ٢٥٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٧. | یدی قو | ٤٠ | ١٥٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٨. | حەسارۆکان | ١٥ | ١٣٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٩. | شۆریجە | ٢٠ | ١٥٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٠. | خورمەلە | ٢٥ | ٣٣٢ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١١. | چل هەوێزە | ٤٠ | ٢٩٤ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٢. | کاریتان | ٢٠٠ | ٤٣٩ | ١ | ٠ | ٢ | |
| ١٣. | جانە | ٣٠ | ٢١٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٤. | تیکالۆ | ٤٠ | ٣٠٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٥. | بیرەبات | ٣٠ | ٢٦١ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٦. | جاستان | ٥ | ٥٣٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٧. | دەربەند | ٣٠ | ٥١٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٨. | سەربەشاخ | ٦٠ | ٣٤٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٩. | عەولا فات | ٢٠ | ١٢٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٠. | پەرکانە | ١٠٠ | ٢٢٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢١. | دەربەند سارەلو | ٧٠ | ١٨٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٢. | غەرابە | ١٠٠ | ٦٣٦ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٣. | گابەڵەکە | ٥٠ | ٢٠٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٤. | شەنەغە | ٨٠ | ٥٨٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٥. | قەبری عەلی | ٢٥ | ١٢٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٦. | بەرزەوار | ٣٠ | ٢٤٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| | کۆی دێیەکان | ١٥٤٥ | ٧٥٧٦ | ٢٥ | ٢ | ٢٦ | |

## خشتەی ژمارە (٣)

## ناوی ئەو گوندانەی لێواری کەندەکانی کەندیناوە

| ز | گوند | ژ. ماڵ | ژ. کەس | قوتابخانە | نەخۆشخانە | مزگەوت | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | گردی گۆم | ١٠ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢. | حەسەن بەگ | ٣٠ | ١٥٣ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٣. | دووشیوان | ٢٠ | ٣٨٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٤. | کۆزە پانکە | ١٠٠ | ٤٢٢ | ٣ | ٠ | ١ | |
| ٥. | خەزنە | ١٥ | ١٠٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٦. | سۆفی سمایل | ١٥ | ٩١ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٧. | چیخلۆك | ١٠ | ١٥٢ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٨. | دێمەکار | ٤٠ | ٣٣٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٩. | چەغەمیرە | ٥٠ | ٤٩٤ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٠. | کەنداڵە قەڵ | ٥٠٠ | ٢٦٤ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١١. | عاللا | ١٥٠ | ٢٨٢ | ٣ | ١ | ٣ | |
| ١٢. | جەلتوك | ٥٠ | ١٧٩ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٣. | سێ قوچان | ٣٥ | ٢٣٢ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٤. | لهێبان | ٦٠ | ٤٣٨ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٥. | قە پلان | ١٥٠ | ٤١٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٦. | سەرگەڕان | ٢٠٠ | ٥١٠ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٧. | داود گورگە | ٣٠ | ١٨٣ | ٢ | ١ | ٢ | |
| ١٨. | سلیمان بەخش (١) | ١٠ | ١٢٥ | ١ | ٠ | ١ | |
| ١٩. | سلیمان بەخش (٢) | ١٢ | ١٣٥ | | | | |
| ٢٠. | شەعەل | ٤٠ | ٣٠٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢١. | چەرت | ١٥ | ٩٧ | ١ | ٠ | ١ | |
| ٢٢. | گەزوەشان | ٦٠ | ٢٧٥ | ١ | - | ١ | |
| ٢٣. | دیبەگە | ١٢٢٥ | ٩٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | |
| ٢٤. | کۆی دێیەکان | ١٦١٢ | ٤٧٣٩ | ٢٤ | ٢ | ٢٣ | |

بۆ ئەم خشتانە کەڵکمان لەزانیاری ناو ئەو سەرچاوانە وەرگرتووە:

١-نفط وتأثیره علی عملیات التهجیر والتعریب في کوردستان العراق، جامعة صلاح الدین/ کلیة الآداب ١٩٩٩ - ٢٠٠٠ ، ص(٤٧، ٦٣، ٧٧، ٧٨).

٢-ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان (تەهجیر، تەعریب، تەبعیس) ئەمین قادر مینە، چاپی دووەم، سلێمانی ل٣٣٣.

٣-کوردستانی نوێ ژمارە ٢٢٦٥/ ٢٠٠٠/١١/١٦.

## خشتەی ژمارە ( ٤ )

## ئەو گوندانەی لەناو هێڵی ( ٣٦ ) دایە لەناوچەی کەندێناوە

| ز | گوند | ژ. کێڵگە | ماڵ | کەس | رووپێوی گشتی /دۆنم | رووپێوی کشتوکاڵی/دۆنم | | زانیاری دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تایبەت | گشتی | |
| ١. | شۆریجە | ٥٣ | ٢٠ | ١٥٧ | ٩٤٨٠ | ٤١١٠ | ٥٣٧٠ | نەوتی تێدایە، بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٢. | حەسارۆک | ٦٢ | ١٥ | ١٣٦ | ١٩٩٥ | ١٧١٥ | ٢٨٠ | نەوتی تێدایە، بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٣. | سەیدۆکە | - | ٥ | ٣٠ | ٠ | ٠ | ٠ | بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٤. | ئیدیقو | ٦٣ | ٤٠ | ١٥٦ | ٦٦٦١ | ١٠٨١ | ٥٥٤٢ | نەوتی تێدایە، بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٥. | سمایلاوەی سەرو | ٧١ | ١٥ | ١٣٦ | ٢٤٩٢ | ٥٠٢٦ | | نەوتی تێدایە، بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٦. | سمایلاوەی خواروو | ٧٠ | ٥ | ٦٥ | ٢٨٨٥ | ٢٢٨٥ | ٥٣٧٠ | نەوتی تێدایە، بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٧. | بەرزەوار | - | ٣٠ | ٢٤٠ | ٦٥٧٥ | ٢٣٩٠ | ٣٨٦٧ | نەوتی تێدایەو لەساڵی ١٩٨٧ تێکدرا. |
| ٨. | شۆرە زەرتکە | ٧٣ | ٥٠ | ٤٢ | ٩٥٧١ | ٢٠٠٠ | ٧٠٥٦ | بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ٩. | سەید عوبێد | ٦٩ | ٧٠ | ٣٢٣ | ٦٠٧٢ | ٢٠٠٠ | ٣٩٣١ | بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ١٠. | کورتان دروو | ٦٦ | ٢ | ٣٢٩ | ٤٥٣٥ | ٣١٣٠ | ١٦٣ | بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدرا |
| ١١. | تەلەلخێم کچکە | ٧٤ | ١٠ | ٢١٣ | ٤٠٣٦ | ٤٠٢٦ | ٠ | ساڵی ١٩٨٧ تێکدرا |
| ١٢. | ملی هۆرت قەرەنی | ٧٥ | ١٥ | ٢٤٩ | ٣٤٤٠ | ٣٢٨٦ | ٠ | ساڵی ١٩٨٧ تێکدرا |
| | | | ٢٧٧ | ٢٠٧٦ | ٥٧٧٤٢ | ٣١٠٤٩ | ٣١٥٧٩ | |

ژمارەی ماڵ و کەس لەکوردستانی نوێ ژمارە ٢٢٦٥ و نفط وتأثیره علی تهجیر وتعریب

رووپێوەکانیش لەئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر وەرگێراوە.

# هۆكارەكانی راگواستن

## ١- ئــابووری

### أ-رۆڵی نەوت

ئەگەر هەبوونی نەوت لەهەر ولاَتێكدا سامانێكی نەتەوەیی بایەخدارو ستراتیژی بیٚو رۆڵێكی ئیجابیانە ببینیٚ بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی كۆمەڵگای ئەو ولاَتە، ئەوا لەكوردستان بەبەردەوامی وەك سامانێكی بەبەلاَو رۆڵێكی سلبیانەی بینیوە لەژیانی كوردەواریدا، لە بەدەست نەهێنانی مافی كوردو داگیرو دابەشكردنی كوردستان لەلایەن چوار دەوڵەتی ناوچەو لكاندنی باشووری كوردستان بەدەوڵەتی دەستكردی عێراق لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانیو جاڕدانی شەڕی ناڕەواو نابەرابەری سەپێنراوی دەسەلاَتدارانی عێراقی بەسەر خەڵكی باشووری كوردستان.

داگیركەری عێراقی ئەو راستیەی باش هەرس كردووە كە نەوت بنكەیەكی ئابووری پتەوەو زەمینە خۆش دەكا بۆ بڕیاردانی قەوارەیەكی سیاسی سەربەخۆی كوردستانی، بۆیە نەوت لە هەركوێیەكی باشووری كوردستاندابێت، راگواستن و بەعەرەبكردنی ئەو ناوچەیە لە تۆڕی سیاسەتی بەعسی رەگەزپەرست دەربازی نابیٚو دوورو نزیك دەیگرێتەوە، بەتایبەتی ٦٤٪[1] یەدەگی نەوتی عێراق لەباشووری كوردستاندایە، بەپیٚی سیاسەتەكانی دەوڵەتی عێراقی (پاشایەتیو كۆماری) هەموو تواناكانیان بەكارهێناوە بۆ بەرهەمهێنانی زۆرینەی نەوت لەباشووری كوردستان (لیترێكی لیٚ كەم بێتەوە بۆ عێراق هەر قازانجە)!؟.

ئەوەتا بەپیٚی خشتەی ژمارە (٥) ئەو بڕە پارەیەی عێراق كە لەنەوتی باشووری كوردستان بەدەست هاتووە ٦٣,٣٤٪ لەهەناردەی نەوتی عێراقی لە ساڵانی (١٩٣١-١٩٩٠).

هەروەها ٧٣,٨٨٪ لەساڵی ١٩٩٧ نەوتی باشووری كوردستان بەكارهاتووە بۆ پێداویستییەكانی پالاَوگەكانی عێراق تەماشای خشتەی ژمارە (٦) بكە.

هەر بۆیە دەسەلاَتدارانی عێراقی هەموو توانایەكیان بەكارهێناوە بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بەداگیركردنی ئەو ناوچانەی باشووری كوردستان بدەن كە سامانی نەوتی تێدایەو بەردەوام خاڵە سەرەكییەكانی ناكۆكی نێوان دەسەلاَتدارانی عێراق و سەركردایەتی جولانەوەی نیشتمانی كوردستان بووە لەكاتی دانوستاندا.

---

١-ئەمنی ستراتیژی عێراق و سیٚ كوچكەی بەعسیان، ئەمین قادر مینە/ ١٩٩٩/ چاپی دووەم سولەیمانی ل ١٨٦.

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

## بڕی پارەی نەوتی نێردراوی عێراق و باشووری کوردستان ( ١٩٣١ ١٩٩٠ )[١]

| ماوە | بڕی پارەی داهاتی نەوتی عێراق بەملیۆن دۆلار ( ٢ ) | بڕی پارەی داهاتی نەوتی باشووری کوردستان بەملیۆن دۆلار ( ٣ ) | ڕێژەی ٣ : ٢ |
|---|---|---|---|
| ١٩٣١ ١٩٤٩ | ١٣٦ | ١٣٦ | ٪١٠٠ |
| ١٩٥٠ ١٩٥٧ | ٩٩٥ | ٨٠٠ | ٪ ٨٠,٤ |
| ١٩٥٨ ١٩٦٢ | ١٢٦٦ | ٩٢٣ | ٪ ٧٦,٠٤ |
| ١٩٦٣ ١٩٦٧ | ١٧٨٨ | ١٢٦٣ | ٪ ٧٠,٨٦ |
| ١٩٦٨ ١٩٧٧ | ٣٨٢٦٧ | ٢٣٦٤١ | ٪ ٦١,٧٧ |
| ١٩٧٨ ١٩٩٠ | ١٥٣٧٣٦ | ١١٩١١٤ | ٪ ٧٧,٤٧ |
| **کۆیی** | ١٩٦١٨٨ | ١٢٤٦٤٧ | ٪ ٦٣,٥٣ |

## خشتەی ژمارە ( ٦ )

## بەرهەمی نەوتی عێراق و باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٩٧[٢]

| | | بۆ دەرەوە | بۆ پاڵاوگەکان | کۆی بەرهەمهێنان |
|---|---|---|---|---|
| باشووری کوردستان | هەزار بەرمیل ڕۆژانە | ٤٨٩ | ٤٤٥,٥ | ٩٣٤,٥ |
| | ٪ بەرهەمی عێراقی | ٪ ٦٣,٣٤ | ٪ ٧٣,٨٨ | ٪ ٦٧,٩٦ |
| بەسرا | هەزار بەرمیل ڕۆژانە | ٢٨٣ | ١٥٧,٥ | ٤٤١,٥ |
| | ٪ بەرهەمی عێراقی | ٪ ٣٦,٦٦ | ٪ ٢٦,١٢ | ٪ ٣٢,٠٤ |

---

١-النفط وتأثيره على عمليات التهجير والتعريب في كوردستان العراق جامعة صلاح الدين/ آداب/ قسم الجغرافية/ دراسة غير منشور من قبل عدد من طلاب بكالوريوس ١٩٩٩ ٢٠٠٠/ ص(١١١).
٢-هەمان سەرچاوە ص(١١٣).

# نەوتی ناوچەی کەندێناوە

چاڵە نەوتییەکانی کەندێناوە درێژەپێدەری چاڵگەی نەوتی کەرکوکە (باباگوڕگوڕ)، کە بەسێیەمین ناوچەی نەوتی جیهانی دادەنرێت لەدوای چاڵگەی بەرەکاتی کوێت و چاڵگەی ئەلغورانی سعودیا[1]، سێیەمین جۆری نەوتی هەرە باشە دوای باکۆو تیکساس، لەتەپۆڵکەکانی (جەوەڵەبۆر)ی کەرکوك دەست پێ دەکاو لەدەوروبەری گوێڕ تەواو دەبێ[2]، دەکەوێتە ئامێزی هەردوو زێی گچکەو گەورەو بەرزاییەکانی بلّباس و زوورگەزراو (ئاڤانەداغ)، درێژایی ٦٠ میل و پانی ٢,٥ میل دەبێ، هەرچەندە ناوچەی کەندێناوە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای هەولێرە بەڵام لەباری کاروباری نەوت دەرهێنان دا سەر بەکۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC) بووە کە کەرکوك ناوەندێتیو دابەش دەبێ بۆ:

١-ئەو ناوچانەی بیری نەوتی تێدایەو بەرهەمی نەوتی لێ دەردەهێنرێ (سەربەشاخ، شەنەغە، زوورگەزراو.. هتد).

٢-ئەو ناوچانەی بیری تێدایەو بەرهەمی نەوتی لی دەرناهێنرێ (پەلکانە، کاریتان، دەوروبەری دیبەگە، چل هەوێزە، خورمەڵە، چیای قەرەچووغ "کلکەی وارە بزمارە").

٣-ئەو ناوچانەی نەوتی تێدایە بەڵام بیری نەوتی تیا لێنەدراوە (دەوروبەری گوێر، هەندێ دۆڵ و قۆپکەکانی چیای بلّباس..)

بیرە نەوتیەکانی ناوچەی کەندێناوە پتر لە (١٥٠) بیر دەبێو غازی کەمەو نەوتی زۆرە بەپێچەوانەی چاڵەکانی چیای بلّباس (قەرەچوغ) گازی زۆرەو نەوتی کەمە، زۆربەشیان بەقوڵایی (١٣٠-٣٧٠)م دەبێ و بەرهەمی زۆربەیان (٢٠-٢٥) هەزار بەرمیل لەرۆژێکدایە، تەنیا چاڵگەی قەرەچووغ نەبێ کە توانای بەرهەمی رۆژانەی (٧٠٠٠) بەرمیل لەرۆژێکدایە، نەوتی ناوچەی کەندێناوە بەبۆری (٣٠) ئینج دەگوازرێتەوە بۆ K1، K2، پاشان بێجیو بادینان و، بۆ دەرەوە[3].

---

١-ئەمنی ستراتیژی عێراق سێ کوچکەی بەعس (ئەمین قادر مینە) چاپی دووەم، سولەیمانی ساڵی ١٩٩٩ ل١٧٩

٢-النفط وتأثيره على عمليات التهجر والتعريب في كوردستان العراق دراسة غير مشوره المجموعة من طلاب بكالوريوس كلية الاداب/ جامعة صلاح الدين/ ١٩٩٩ ص١١.

٣- رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢٢٦٠)

## خشتەی ژمارە ( ٧ )

## چاڵە نەوتییەکانی کەندێناوە[١]

| چاڵگە | ژمارەی چاڵ | ژمارەی وێستگە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| شەنەغەو داود گورگە | ٤٠ | ١ | نەوتی تیا دەردەهێنرێ، ئیستگەیەکی جووداکردنەوەی نـــەوت و گازی لێیە. |
| سەربەشاخ | ٢٠ | ١ | نەوتی تیا دەردەهێنرێت، ئێستگەیەکی نەوت جوداکردنـــەوەی لێیە. |
| پەرکانە | - | - | نەوتی تیا دەرناهێنرێ |
| جاستان | - | ١ | وێستگەیەکی جوداکردنەوەی تیایە. |
| دڕکە | - | ٢ | وێـــستگەیەکی جوداکردنـــەوەی نـــەوت و گـــازی تێدایـــەو وێستگەیەکی پاڵدان و ناردنی نەوتی تێدایە. |
| قەرەچووخ | - | - | چەند بیرە نەوتێکی تێدایـــە بـــەڵام نـــەوتی لێدەرنـــاهێنرێو نەوتەکەی لە جۆری ( نەوتی گرانە ) |
| زوورگەزراو | ١٨ | ٢ | نەوتی لێ دەردەهێنرێو وێستگەیەکی پاڵدان و ناردنی نـــەوتی تێدایە لەگەڵ وێستگەیەکی جودا کردنەوە. |
| دەوروبەری گوێر | - | - | نەوتی لێ دەرناهێنرێ |

**بەکەلك وەرگرتن لەم سەرچاوانە:**

*** ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان/ چاپی دووەم/ ١٩٩٨ ل١٨٠.**

*** نفط وتأثيره على عمليات التهجير والتعريب في كوردستان العراق بحث غير منشور لمجموعة من طلاب قسم جغرافيا/ آداب/ جامعة صلاح الدين ١٩٩٩ ٢٠٠٠.**

---

١-رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە/ ٢٢٦٠ بەروار ٢٠٠٠/٩/٢٥.

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## ئەو گوندانەی کەندێناوە کە چاڵە نەوتی تێدایە

| | ناوی گوندەکان | ژمارەی بیرەکان | شوێنی لەکەندێناوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | کاریتان | ٢ | بناری زوورگەزراو | |
| ٢. | جانە | ٠ | لێواری کەند | |
| ٣. | تیکالۆ | ٠ | لێواری کەند | |
| ٤. | بیرەبات | ٤ | لێواری کەند | |
| ٥. | سەربەشاخ | ١٧ | بناری زوورگەزراو | |
| ٦. | جاستان | ٥ | بناری زوورگەزراو | |
| ٧. | دەربەندی گۆم | ٥ | بناری زوورگەزراو | |
| ٨. | عەولا فات | ٠ | بناری زوورگەزراو | |
| ٩. | پەرکانە | ٨ ٩ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٠. | دەربەندی سارەلو | ١٢ | بناری زوورگەزراو | |
| ١١. | شەنەغە | ٢ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٢. | گەزوەشان | ٠ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٣. | قەبری عەلی | ٠ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٤. | چەرت | ٧ | لێواری کەند | |
| ١٥. | گابەلەکە | ٠ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٦. | غەرابە | ٠ | بناری زوورگەزراو | |
| ١٧. | سێ قوچان | ٣ | لێواری کەند | |
| ١٨. | لهێبان | ١١ | لێواری کەند | |
| ١٩. | سەرگەڕان | ٢ | لێواری کەند | |
| ٢٠. | گورگە | ٨ | لێواری کەند | |
| ٢١. | شەعەل | ٩ | لێواری کەند | |
| ٢٢. | سلێمان بەخش | ١٢ | لێواری کەند | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣. | تەل هەلالە | ٠ | لیّواری کەند | |
| ٢٤. | گێسمە | ٣ | لیّواری کەند | |
| ٢٥. | دڕکەی کوردان | ٢٠ | لیّواری کەند | |
| ٢٦. | چل هەوێزە | ٣ | بناری زوورگەزراو | |
| ٢٧. | خورمەڵە | ٢ | بناری زوورگەزراو | |
| ٢٨. | شۆریجە | ٣ | بناری زوورگەزراو | |
| ٢٩. | ئیدیقو | ٣ | بناری زوورگەزراو | |
| ٣٠. | بەرزەوار | ١ | بناری زوورگەزراو | |
| | کۆی | ١٥٠ | | |

( نەخشەی ژمارە (٤) )

نەخشەی ناوچەکە کە تیایدا دەست نیشانی چاڵە نەوتییەکان دەکات



## ب-كشتوكاڵ

ناوچەی کەندێناوە دەشتاییەکی فراوان و بەپیتەو لەشۆڕ بونەوەی قوڕولیتەی چیا بەرزەکانی سەروی خۆی دروست بووەو ڕێژەی مادەی عزوی ١-٢٪ لەتوێکڵی کشتوکاڵی (٢٠-٣٠)[1]سم سەر زەوی لەنەوراییەکان ڕێژەی پتر دەبێ لەوەی بەرزاییەکان، زۆربەی خەڵکی ناوچەکە، خەریکی چاندنی گەنم و جۆن، کە دوو بەرهەمی زستانەن لەکوردستاندا (سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەچێنرێو لەدوای مانگی ئەیار دەدورێتەوە) پشت بەبارانی نامسۆگەری (٢٠٠-٤٠٠)ملم[2] دەبەستێ، بۆیە بەگوێرەی ڕێژەی باران بارین بڕی بەرهەمی ساڵانە جودایە. زەوی ناوچەکە تەختاییەو بواری باش دەرەخسێ بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی کشتوکاڵی، جۆری ئەو گەنمانەی کە لەناوچەکەدا دەچێنرێت بریتین لە: (مەکسی پاك، سابیربەگ، حومێرە، قەندەهاری، ڕەش گوڵ  هتد)، لەدوای گەنم بەپلەی دووەم چاندنی جۆ دێت کە بۆ ئالیکی  ئاژەڵ و فرۆشتن و لەهەندێ کات بۆ لێکردنی (ئارد) بەکاردێت، بیستانی دێمەکاری (گندۆرە "کاڵەك"، تەرۆزی، شارۆخ، کالیار) کە لەبەهاران دەچێنرێ، هەندێ وەخت بۆ فرۆشتن دەخرێنە بازاڕ، ڕووپێوی پارچە زەوییەکانی کشتوکاڵی ناوچەی کەندێناوە (٢١٥٧٤٢)[3] دۆنم دەبێو بڕی بەرهەمی ساڵانەی بەپێی مەزەندەی لایەنە کشتوکاڵیەکان ١٢٥کگم دۆنم دەبێ، بەم شێوەیە تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی ناوچەکە دەگاتە پتر لە ٢٥ هەزار تەن[4]، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی ناوچەکە، لایەنە کشتوکاڵیە زانستیەکان وای بۆ دەچن گەرهاتوو بەشێوەیەکی  زانستییانە توانرا کەلك لەهەردوو زێ (بچوك و بادینان) وەربگیرێ بۆ ئاودێری ناوچەکە، ئەوا لەو ناوچەیە دەتوانرێ دانەوێڵەی پێویستی باشووری کوردستانی لێ دابین بکرێ[5].

بەهۆی ئەوەی ناوچەکە پاوانێکی خۆڕسکی تیادا هەیە بەتایبەتی لەبناری چیای بڵباس و مام ڕەش (قەرەچووغ)و زوورگەزراوو لێواری کەندولەندەکانی ئاوی باران بڵاو بۆتەوە لەناوچەکەدا، بۆیە لەپاڵ چاندنی گەنم و جۆ، مەڕداریو بەخێوکردنی

---

١-جیوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ١٩٩٨ کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین/ سەنتەری برایەتی بەچاپی گەیاندوە ل٩٤.
٢-هەمان سەرچاوە ل٩٧.
٣-خشتەیەکی ڕووپێوی ناوچەکە کە لەلایەن کشتوکاڵی هەولێر ئامادە کراوە.
٤-بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر.
٥-جوگرافیای کوردستان جەلال ئەمین بەگ. سولەیمانی-١٩٩٨ ل١٧٧.

وڵسات بەڕێوە دەچێ، کە زۆربەی مێگلەکان لەمەڕی کوردیو حەمدانی عەرەبیو بزن بەهەموو جۆرەکانی پێك دێت و وڵساتیش (مانگای کوردیو شەڕابی) بۆ بەرهەمی ماستی ناو خێزان بەکاردێت، بەرهەمی ماست و پەنیرو روونی کوردیو گۆشت و خوریو موی لێ دەکەوێتەوە کە دەنێردرا شارە گەورەکانی (هەولێرو کەرکوك و موسڵ) جاروبار ئاودیوی بەغداش دەکرا، لەپاڵ گەنم و جۆ چاندندا مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیشیان دەکرا (تەڕاحی) کە بۆ سایلۆکانی هەولێرو موسڵ و کەرکوك دەنێردرا، هەروەها کڕین و فرۆشتنی مەڕو ماڵات و وڵسات (قەسابی) ئەنجام دەدرا بۆیە ناکرێ گرنگیو ستراتیژیەتی ناوچەکە لەرووی ئابووری (نەوت، کشتوکاڵی گەنم وجۆ، پاوانی سروشتی، مەڕداری) بەهۆکارێك نەزانیین لەراگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکەدا.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**کۆی زەوی و زاری کشتوکاڵی تێکڕای ناوچەکە نیشان دەدات**

| ژمارەی کێڵگەکان | رووبەری تەواوی ناوچەکە دۆنم | رووبەری زەویو زاری کشتوکاڵی کێڵگەکان دۆنم | رووبەری زەویو زاری گشتی دۆنم | رووبەری زەویو زاری تایبەت دۆنم | بەرهەمی ساڵانە تەن | ژمارەی جوتیار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٣ | ٢٤١٤٩٠ | ٢١٥٧٤٢ | ١١٥٧٤٢ | ١٠٠٠٠٠ | ٢٥٣٩٦ | ٣٠٧٠ |

* بەکەلك وەرگرتن لەو ئامارانەی کە لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر بەدەستمان کەوتووە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

## چەند زانیاریەکی کشتوکاڵی سەبارەت بەگوندەکانی بناری چیای مام رەش

## (قەرەچوغ)

| ز | ناوی گوند | ژ. ماڵ | ژمارەی دانیشتوان | رووپێوی گشتی دۆنم | ژمارەی کێڵگە | رووپێوی زەوی کشتوکاڵی دۆنم | رووپێوی کشتوکاڵی (دۆنم) | | ژمارەی زەوی دابەشکراو | ژمارەی جوتیار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | تایبەت | گشتی | | | |
| ١. | تەلە لخێم | ١٠ | ٢١٣ | ٣٤٤٠ | ٧٥ | ٣٢٨٦ | ٣٢٨٦ | – | – | – | لەهەندێ شوێن ناوی بە تەلەلخێمی گچکە هاتیە |
| ٢. | ملی هۆرت محمد سعید | ١٥ | ٢٤٩ | ٤٠٣٦ | ٧٤ | ٤٠٢٦ | ٤٠٢٦ | – | – | – | |
| ٣. | ناسر کوژراو | ٥ | ٣٢ | ١٠٣٥ | ٦٥ | ٩١٤ | ٩١٤ | – | – | – | |
| ٤. | بیرە بەرازە | ١٥ | ١٠٣ | ٣٧٠١ | ٦٤ | ١٥٩ | – | ١٥٩٠ | ٧٠ | ٥٨ | |
| ٥. | کورتان دروو | ٢٠ | ٣٢٩ | ٤٥٣٥ | ٦٦ | ٣٢٩٣ | ٣١٣٠ | ١٦٣ | ٥٠ | ٣ | |
| ٦. | شێخەلاس، کەپەنك رەشی، مەلا قەرە، حەسەن بەگ | | | ٣١٠٩٤ | ٦١ | ٣٣٧٤١ | ٦٠٠ | ٢٢٨٧١ | ٦٥ | ٣٣٥ | |
| ٧. | مەلا کاغە | ٥٠ | ١٤٧ | ٦٦٤١ | ٥٦ | ٦٦٤١ | ١٠٦٨ | ٥٥٧٣ | ٥٥ | ٥٦ | |
| ٨. | گردە شینە | ٦٠ | ٢٨٥ | ٦٦٤٦ | ٤٨ | ٥٨٣٤ | ١٩٠٢ | ٣٩٣٢ | ٤٩ | ٥٣ | |
| ٩. | کەندال یارمچە | ٣٠ | ٣٠٩ | ٥٦٨٤ | ٤٧ | ٥٣٥٢ | ٥٠١٤ | ٣٣٨ | ٥٠ | ٧ | |
| | کۆ | ٢٠٥ | ١٧٦٧ | ٤٦٨١٢ | ١٠ | ٥٤٤٠٧ | ١٩٩٤٠ | ٣٤٤٦٧ | ٤٠٩ | ٥١٢ | |

## خشتەی ژمارە ( ١١ )
## گوندەکانی بناری چیای بڵباس ( قەرەچوغ )

| ز | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی دانیشتوان | | روپێوی گشتی دۆنم | روپێوی کشتوکاڵی ( دۆنم ) | | ژمارەی زەوی دابەشکراو | ژمارەی جوتیار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تایبەت | گشتی | | | |
| ١. | گاوەرە | ٧٠ | ٤١٧ | ٤٦ | ٤٠٢٠ | ٢٧٩٠ | ١٥٠ | ٤٥ | ٤ | |
| ٢. | خدر جیجە | ٤٠ | ٤٠٢ | ٤٥ | ٧٢٥٧ | ١٩٨٨ | ٥٢٦٩ | ٣٨ | ٣٩ | |
| ٣. | لاوەر | ١٧ | ٢٢٩ | ٤٤ | ٣٠٤٩ | ٢٥٦٧ | – | – | – | |
| ٤. | حەسەن بڵباس | ١٥ | ١٣٩ | ٣٣ | ٥٣٩٤ | ١٥٥٥ | ٣٨٣٩ | ٧١ | ٩ | |
| ٥. | حاجی شێخان | ١٥ | ١٦٠ | ٣٤ | ٣٢٨٧ | ٣٠٠ | ٢٩٨٧ | ٦٠ | ١٦ | |
| ٦. | دارە خورما | ٣٠ | ٢٢٩ | ٣٢ | ٩٢٦٩ | ٧٢٥ | ٤٩٦٨ | ٨٠ | ٤٥ | |
| | کۆ | ١٨٧ | ١٥٧٦ | ٦ | ٣٢٢٧٦ | ٩٩٢٥ | ١٧٢١٣ | ٢٩٣ | ١١٣ | |
| | | | | | | ٢٧١٣٨ | | | | |

# خشتەی ژمارە ( ١٢ )
## گوندەکانی لێواری کەندەکان

| ز | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی دانیشتوان | | روپێوی گشتی دۆنم | روپێوی کشتوکاڵی ( دۆنم ) | | ژمارەی زەوی دابەشکراو | ژمارەی جوتیار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تایبەت | گشتی | | | |
| ١. | گردی گۆم | ١٠ | ١٠٠ | ٥٥ | ٢٨٤٨ | ١٣٦٨ | ١٤٨٠ | ٦٠ | ١٥ | |
| ٢. | دووشیوان | ٣٠ | ٣٨٧ | ٤٨ | ٣٠٢٢ | ٢٧٩٠ | ١٦٠ | ٤٥ | ٤ | |
| ٣. | کۆزە پانکە | ١٠٠ | ٤٢٢ | ٥٠ | ٧٩٧٨ | ٤٨٠٧ | ٢٩٧١ | ٤٨ | ٦١ | |
| ٤. | خەزنە | ١٥ | ١٠٩ | ٥٤ | ٢٢١٠ | ١١٤٠ | ١٠٧٠ | ٦٠ | ١٦ | |
| ٥. | سۆفی سمایل | ١٥ | ٩١ | ٤١ | ٢٥٤٢ | ٢٤٠٢ | – | – | – | |
| ٦. | دێمەکار | ٤٠ | ١٥٢ | ٤٣ | ٥٩٨٧ | ٣٤٦٩ | ٢٥١٨ | ٥٠ | ٧ | |
| ٧. | چیغلۆک | ١٥ | ٣٣٥ | ٤٣ | ٢٨٥٩ | ٢٠٠٠ | ٨٥٩٢ | ٤٣ | ١٨ | |
| ٨. | چەغەمیرە | ٥٠ | ٤٩٤ | ٣٥ | ٧٦٠٠ | ٣٠٠ | ٧١٥٣ | ٨٠ | ٥٣ | |
| ٩. | کەندالەقەڵ | ٥٠ | ٢٦٤ | ٣٦ | ٣٦٨٦ | ١٩١٦ | ١٦٧٥ | ٤٠ | ٤٠ | |
| ١٠. | عالّلا | ٠ | ٠ | ٣٧ | ٧٤٠٤ | ٥١٥ | ٦٣٥٩ | ٤٩ | ١٢٢ | |
| ١١. | چەڵتوک | ٠ | ٠ | ٣٠ | ٥٨٨٩ | ١٣٢٧ | ٤٤١٢ | ٧٠ | ٥٧ | |
| | کۆ | ٦٣٠ | ٢٣٥٤ | ١١ | ٤٩١٦٦ | ٢٢٠٣٤ | ٢٨٦٥٨ | ٥٤٥ | ٣٩٣ | |
| | | | | | | ٥٠٦٩٢ | | | | |

## خشتەی ژمارە ( ١٣ )
## گوندەکانی بناری زوورگەزراو بەلای گوێڕدا

| ز | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کێڵگە | ڕوپێوی گشتی دۆنم | ڕوپێوی کشتوکاڵی ( دۆنم ) | | ژمارەی زەوی دابەشکراو | ژمارەی جوتیار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تایبەت | گشتی | | | |
| ١. | سمایلاوە خواروو | ٥ | ٢٨١٥ | ٧٠ | ٢٨١٥ | ٢٢٨٥ | - | - | - | |
| ٢. | سمایلاوە ژووروو | | ٥٤٩٢ | ٧١ | ٥٤٩٢ | ٥٠٢٦ | - | - | - | |
| ٣. | شۆڕە زەرتکە | ٥٠ | ٩٥٧١ | ٧٣ | ٩٥٧١ | ٢٠٠٠ | ٧٠٥٦ | ٥٢ | ١٠٨ | |
| ٤. | سەید عوبێد | ٧٠ | ٦٠٧٢ | ٦٩ | ٦٠٧٢ | ٢٠٠٠ | ٣٩٣١ | ٣٥ | ١٠٥ | |
| ٥. | یەدی قو | ٤٠ | ١٥٦ | ٦٣ | ٦٦٦١ | ١٠٨١ | ٥٥٤٢ | ٣٥ | ١٨ | |
| ٦. | حەسارۆك | ١٥ | ١٣٦ | ٦٢ | ١٩٩٥ | ١٧١٥ | ٢٨٠ | ٤٥ | ٦ | |
| ٧. | شۆڕیجە | ٢٠ | ٢٥٧ | ٥٣ | ٩٤٨٠ | ٤١١٠ | ٥٣٧٠ | ٦٠ | ١٦ | |
| ٨. | خورمەڵە | ٢٥ | ٣٣٢ | ٥٢ | ١١٢٠٢ | ١٦٦٠ | ٧٠٠٠ | ٦٠ | ٥٥ | |
| ٩. | چل هەوێزە | ٤٠ | ٢٩٤ | ٥١ | ٤٥٨١ | ٤٠٢٢ | ٣٧٩ | ٥٠ | ٧ | |
| | کۆ | ٢٦٥ | ٢٥١٢٥ | ٩ | ٥٧٨٦٩ | ٢٣٨٩٩ | ٢٩٥٥٨ | ٣٣٧ | ٣١٥ | |
| | | | | | | ٥٣٤٥٧ | | | | |

## خشتەی ژمارە ( ١٤ )

## گوندەکانی بناری زوورگەزراو بەلای دوبزدا

| ز | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی کێڵگە | ڕووپێوی گشتی دۆنم | ڕووپێوی کشتوکاڵی ( دۆنم ) | | ژمارەی زەوی دابەشکراو | ژمارەی جوتیار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تایبەت | گشتی | | | |
| ١. | دییەگە سلێمان ئاغا | ١٢٢٥ | ٩٠٠٠ | ٣٩ | ٨٦٨٢ | ٦٨٣٨ | ١٧٤٤ | ٣٥ | ٤ | شارۆچکەی دییەگەیە بەدوو ( مقاطعة )ی کشتوکاڵی تۆمارکراوە |
| ٢. | دییەگە حەسەن ئاغا | | | ٤٠ | ٣٤١٨ | ٣٣٥٨ | - | - | - | |
| ٣. | کاریتانی خواروو | ٢٠٠ | ٤٣٩ | ٣٨ | ٤٢١٥ | ٤١٨٩ | ٢٦ | - | - | یەک گوندە بەلام بە دوو مقاطعة نووسراوە |
| ٤. | کاریتانی سەرو | | | ٥٧ | ١٢٩٧ | ١٢٢١ | ٧٦ | - | - | |
| ٥. | تیکالۆ | ٤٠ | ٣٠٥ | ٢٩ | ٤٣٥٧ | ٤٣٥٧ | - | - | - | |
| ٦. | جانە | - | - | ٣٧ | ٦٣٧٥ | ٧٥ | ٤٠٠٠ | ٦٠ | ٤٤ | |
| ٧. | بیرە بات | ٣٠ | ٢٦١ | ٢٨ | ٤١٦٤ | ٤١٦٤ | - | - | - | |
| | | ١٥٢٠ | ١٠٠٠٥ | ٧ | ٣٢٥٠٨ | ٢٤٢٠٢ | ٥٨٤٦ | ٩٥ | ٤٨ | |
| | | | | | | ٣٠٠٤٨ | | | | |

## ٢-هۆكاره سیاسی‌و ستراتیژییەكان

كەندێناوە پان و بەرینە، درێژایەكەی ٨٠ كم و پانتاییەكەی ١٦كم دەبێت[١]، پێگەیەكی جیوگرافی گرنگی هەیەو دەروازەیەكی فراوانی تەواوی دەشتی هەولێرە، بەتایبەتی كە سەرەڕێی شارەكانی (هەولێر- موسڵ- كەركوك)ە و دەكەوێتە ئامێزی هەردوو زێی بچوك و گەورە و بەرزاییەكانی زوورگەزراوو بلباس، تەواوی ناوچەكە بەتێكڕایی ٢٧٥م لەسەر ئاستی رووی دەریاوە بەرزە[٢]، دەشتێكی تەختاییەو ئینگلیزەكان بەنیاز بوون فڕۆكەخانەیەكی گەورەی لێ دروست بكەن لەكۆتایی چلەكان و سەرەتای پەنجاكان دا ئێستاش شوێنەواری ئەو فڕۆكەخانەیە لەئاقاری نێوان دیبەگەو چل هەوێزەدا ماوە، هەروەها لەسەرەتای گواستنەوەی نەوتی كەركوك بۆ دەریای سپی نیاز وابوو بەبۆڕی (٣٠-٤٠) ئینجی بەناو دەشتی كەندێناوە بۆ موسڵ و بادینان و دەریای سپی بگوازێتەوە، بەڵام بەهۆی هۆكاری ئەمنی ئەو رێچكەیە هەڵوەشێنرایەوە[٣] هەروەها لەمەوپێش باسی رۆڵی نەوتی ناوچەكە كرا كە پاشەكەوتێكی نەوتی گەورەیەو سێیەمین جۆری نەوتی باشی دونیایە.

ئەو ناوچەیە زۆر بەپیتە گەنم و جۆو مەڕداری فراوانی تیادا دەكرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بەرهەمی ساڵانەی ناوچەی قەزای مەخموور (١٧٥-١٩٤) هەزار تەن گەنم و جۆ بێ، رووبەری كەندێناوە ٢٦٪ رووبەری ئەو قەزایەبێت، ئەوا ٦٥٪ لەو بەرهەمە لەناوچەی كەندێناوە هاتووە، گەر هاتوو لایەنی عەسكەری‌و ئەمنی‌و مرۆیی ئەو ناوچەیە كۆنترۆڵ كرا ئەوا دەتوانرێ لەو رێگایەوە بەتایبەتی بەرزاییەكانی (بڵباس و زوورگەزراو) ناوچەیەكی دیكەی دەشتی هەولێر بەئاسانی پێ كۆنترۆڵ بكرێ. دەكرێ گرنگی ستراتیژی ناوچەكە بەم شێوەیە پوخت بكەین:

## گرنگی ئابووری[٤]

أ-**كشتوكاڵ:** لەكۆی (٢٤١٤٩٠) دۆنم رووبەری ناوچەكە (٢١٥٧٤١) دۆنم بەكەلك كشتوكاڵ دێت و زەوییەكانی زۆر بەپیتە گەرهاتو ئاودێری باش بێت ئەوا بەرهەمی زۆری دەبێت.

ب-پاوانێكی فراوانی لێیە دەكرێ بۆ مەڕداری بەكاربهێنرێ.

---

١-جوگرافیای كوردستان جەلال ئەمین بەگ ١٩٩٨ ل٦٣.
٢-جوگرافیای هەرێمی كوردستان/ كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ/ ١٩٩٩ ل٩٤.
٣-هۆكارە ئابوورییەكانی پاكتاوی رەگەزی لەناوچەی مەخموور/ محمد سەعید سۆفی/ رۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە ٢٢٩٠/ ٢٥/٩/٢٠٠٠.
٤-مەخموور لەنێوان گرنگی ستراتیژی‌و سیاسەتی تەعریب رۆژنامەی كوردستانی نوێ ٢٢/١٠/١٩٩٨ ژمارە ١٧٢٤.

ج–چاڵگە نەوتییەکانی کەندێناوە تەواوکەری حەوزی نەوتی بابەگورگوڕن کە بەسێیەمین حەوزو جۆری نەوتی باشی جیهانی دادەنرێو ئێستا لەناوچە جۆراوجۆرەکانیدا پتر لە ١٥٠ چاڵە نەوتی تێدایە.

٢–بنکەیەکی سەربازیو ئەمنییە بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان، بەهۆی ئەوەی ناوچەی کەندێناوە لەسەر سنووری عەرەبیشن دەوروبەری گوێڕو دوبزە، ڕاگواستنی کوردان پشتێنەیەکی ئەمنی بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان دروست دەکاو چەند شەقاوێك لەتخوبی عەرەب نشین زیاد دەکاو یارمەتیان دەدات بۆ دەست بەسەر داگرتنی زەوی دیکەی کوردان ئەمەش دەقاودەق خواست و سیاسەتی بەعسە.

٣–خەڵکی ناوچەکە هوشیارییەکی سیاسیو چینایەتی بەهێزیان هەیەو دڵسۆزی کوردایەتیو نیشتمانپەروەر بوونەو ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبووەو دەیان کادیری پێشکەوتووی لێ هەڵکەوتووە کە ڕۆڵی کاریگەریان لەناو جولانەوەی سیاسیو نیشتمانی کوردستاندا بینیوە.

٤–لەدەستدانی ئەو بنکە ستراتیژییە، لەدەستدانی بنکەیەکی ستراتیژییە بۆ بڕیاردان و دابین کردنی چارەنووسی باشووری کوردستان لەرووی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵاتییەوە، بۆیە دەبێ ئەو ڕاستیە باش بزانرێ کە ئەو ناوچەیە ڕۆڵێکی ستراتیژی دەبینێ لەبواری ئابووریو کۆمەڵایەتیو بگرە سیاسیش، کە سەنگی خۆی هەیە لەناو جولانەوەی نیشتمانی باشووری کوردستان و خەباتی چینایەتی بەتایبەتی ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ١٩٥٣دا کە لاپەرەیەکی پڕشنگداری خەباتی سیاسیو چینایەتی جولانەوەی سیاسی باشووری کوردستانە.

## هەوڵەکانی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەی کەندێناوە

یەکێ لەسیاسەتە هەرە زەقەکانی حزبی بەعسی عێراق کە دژ بەخەڵکی باشووری کوردستان بەڕێوەی بردووە ڕاگوێزانی زۆرەملێو بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستانە کە لەبیرو ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی عەرەبی بەعسی نەتەوەیی بنەما هەڵدەچنێو کار بۆ ئەوە دەکات بەو خەیاڵەی دەتوانێ دیموگرافیای باشووری کوردستان بگۆڕێو بەپێی خواست و ویستی خۆی دابڕێژێتەوە، کە لەڕاستیدا لەم دواییانەدا بەتایبەتی پێش (ڕاپەڕین) سیاسەتێکی مەترسی داربوو

هەڕەشەی جیدی لەبوون و نەمانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکرد، گەرشەڕی کەنداوی دووەم نەبوایە، سەرانی بەعسی هەنگاوی دیکەیان لەجێبەجێ کردنی بەرنامە رەگەزپەرستییەکەیان دەهاوێشت و کاریگەری تەواوی دەبوو لەسەر داهاتووی چارەنووسی خەڵکی باشووری کوردستان.

سیاسەتی بەزۆر راگواستنی کوردان و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستان تەنیا بەرهەمی بیری بەعسی نین، بەڵکو بەشێوەیەکی رێژەیی جۆراوجۆر حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی (پاشایەتیو کۆماری) عێراق ئەنجامیان داوە، بەعس تەنیا پەرەی پێداوەو بەشێوازێکی دڕندانەتر جێبەجێی کردووە، تەنانەت لە دووەمین جاری جلەوی حوکمی بەعس لەبەغدا لەکۆی (٨٣١١٧ کم٢) رووپێوی باشووری کوردستاندا تا ساڵی ١٩٨٩- (٤٢,١١٨ کم٢)ی بەعەرەبکردبوو کە ٥١٪ رووبەری باشووری کوردستانە، ئەو ناوچەیەی کە خۆی ناوی نابوو (ناوچەی ئۆتۆنۆمی) ٢٦٣٤٧ کم٢ کە ٤٢،٢٦٪ خاکی باشوور پێك دەهێنێ، ١٣١٠٠ کم٢ کوردی لێ راگواستبۆوە کە دەکاتە ٣٦,٠٤٪ ئەو ناوچەیە[1].

بەعس لەناوچەی کەندێناوە لەچەند وادەو بەچەند بیانوویەك، راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکەی بەڕێوە بردووە.

## قۆناغەکانی راگواستن و بەعەرەبکردنی کەندێناوە

### ١-شاڵاوی ( حرس القومي ) ساڵی ١٩٦٣

دوای چەند مانگێکی هاتنە سەرکاری بەعسی عێراق لەرێگای کودەتا شومە سەربازییە هاوبەشەکەیان لەگەڵ (القومين العرب)ی عێراقی ساڵی ١٩٦٣، وەك دڕندەو هارکەوتنە وێزەی گیانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی باشووری کوردستان بە(کوردو ئاشوریو تورکمان)و خەڵکی پێشکەوتنخوازی عێراقەوە درێژەی ئەو شاڵاوانە ناوچەی کەندێناوەشی گرتەوە، لەکۆی ٧٢ گوندی ئەم ناوچەیە پتر لە ٣٢ گوندی سوتاندو تاڵان و بڕۆی کردو نزیکەی (٣٠٠) کەسی لەجوتیارانی بێدیفاعی ناوچەکەی بەکونجی بەندیخانەکانی عێراق ئاخێزران.

ئەم شاڵاوەش لەتۆڵەی تێکشکانی داگیرکەری عێراقی بوو لەشەڕی دارەخورمای بناری چیای بلباس (قەرەچووغ) کە لە ١٩٦٣/٦/١٣ روویداو پاشان (٢٥) گوندی

---

١-ئەمنی ستراتیژی عێراق سێ کوچکەی بەعسییان (ئەمین قادر مینە) چاپی دووەم، ل١٤٩.

ئەم ناوچەیە بەخێڵە دواکەوتووەکانی عەرەبی شەمەر جیٚنشین کراو تاکۆتایی ساڵی ١٩٦٧ درێژەی هەبوو.

## شەڕی دارەخورما

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی رزگاریخوازی ساڵی ١٩٦١ زۆربەی کادیرو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هۆگرانی کوردایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لەکادیرانی حزبی شیوعی عێراق کە لەلایەن دەسەڵاتداران لێپێچینەوەیان لەسەر بوو، بەجودا لەناوچەی دەشتی هەولێر دەسوڕانەوەو لەناو خەڵکی بە(کۆمەڵە)[1] دەناسران، بنکەی سەرەکیش لەگوندی (قوشاغلو)ی ناوچەی مولکیە بوو، لەگەڵ کودەتا شومەکەی شوباتی بەعس و قەومیەکانی ١٩٦٣، بڕیاردرا بنکەی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی تازە دامەزراو بچێتە بناری چیای بڵباس گوندی (خۆشاو) بەڵام دوای ماوەیەك ئەویٚ بەباش نەزانراو گوازرایەوە گوندی (دارەخورما)ی نزیکی خۆشاوو لقی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پتر لە ١٠٠ پێشمەرگە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکە بوون لەویٚ بوو، ئەوانەی لەویٚ بوون لێپرسراوەتیان هەبوو شەمسەدین موفتی، سەید مەجید، ئازاد عومەر (تۆفیق عومەر)، لیپێرسراوانی ئەو کاتی لق (محەمەد حاجی تایەر، فارس باوە، سەید کاکە، مام وسو دزەیی، عەلی شەریف، سالح شێرە، سابیر کاکەشین، حەسن مستەفا، ئەحمەد حەمەدەمین، عەلی حەسەن، قادر بەردەسپی.. هتد) بوون، ڕۆژی ١٣/حوزەیرانی/١٩٦٣، هێزێکی حکومەتی عێراق لەلای کەندالٚ و گاوەرە هاتبوونە چەغەمیرەو لەوێوە هەوراز ببوونەوە بۆ سەر بنکەی دارەخورمای هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم هێزە پێك هاتبوو لەهەندیٚ پۆلیسی گەرۆك و جاش عەشایەری عەرەبیو ژمارەیەکی کەمی سوپا، دوای شەڕێکی دەوستەویەخەو کوشتارێکی زۆری دوژمن لەدەوروبەری عەسر هێزەکەی دوژمن بەسەر شۆڕی لەگۆڕەپانی شەڕەکە رایکردو تاوەکو ناو شارۆچکەی دیبەگە خۆی رانەگرت لەتۆڵەی ئەو شکستەو بۆ بەرز کردنەوەی مۆرالی هێزە بەزیوەکەی حکومەت کەوتە وێزەی گیانی خەڵکی بیٚدیفاعی شارۆچکەی دیبەگەو تەواوی دوکانەکانی بازاڕی ئەو شارۆچکەیان تالآن بڕۆ کردو زۆر لەماڵەکانیشی گرتووەو پاشان ئاگریان لەدوکانەکان بەردا، بەدەیان کەسی بیٚدیفاعیان کە تەمەنیان

---

١-بۆ ناوی (کۆمەڵەی ژیٚ کافی) رۆژهەلاتی کوردستان دەگەڕێتەوە.

له ٥٠ ساڵ پتر بوو هەندێکیان بۆماوەی ٦ مانگ و بەشە هەرە زۆرەکەیان بۆ ماوەی نزیکە سالێك بیَ دادگایی زیندانی کران و(١١) کەسیشیان درایە دادگای عورفی عەسکەری کەرکوك ئەوسا، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨) هەندیَ لەناوەکان لە لاپەڕە (٤٤).

هێزی پ.م کوردستانیش دوای ئەو شەڕە کشایەوە لولەی جاستان و پەرکانەو قەشقەو خوڕخوڕو تا لە بیستانە گیرسایەوە. ئەم شەڕە ئەگەرچی ڕووداوێکی بچوك بوو بەلاّم لەبەرامبەر خۆ بەزلزانی دەسەلاّتداران و لەو قولاّییەی باشوورو بەو نەبەردییەو قارەمانەتیە، رەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ناوچەکەو باشووری کوردستان هەبوو، هەر بۆیە دوای چەند ڕۆژێك لەو شەڕە هێزێکی دیکەی سوپا بەسەر پەرشتی (حماد شهاب) لەدوو قۆلّی جودادا، یەکێکیان لەقۆلّی کەرکوك بەسەرکردایەتی عەقید (فتحی عقیلی) بەژمارەیەکی زۆر لە تانك و تۆپی دوورهاوێژو بەپشتیوانی هێزی ئاسمانیو، قۆلّی دووەم لەهەولێرەوە بەرێکەوت چەند دەبابەیەك و هێزێکی (حەرەس قەومی)و جاشە عەرەب و جاشەکانی ناوچەکە، (٣٠) گوندیان سوتاندو بەتالاّن بردو چەند هاولاّتییەکی بیَ تاوانیان شەهید کرد، کە لەوانە منالّێکی سالّە وەختی گوندی سۆفی سمایل بوو خشتەی شەهیدانی ئەو شالاّوە لە لاپەڕە (٤٣) بخوێنەوە.

* چاوپێکەوتن لەگەلّ بەڕێز (عەلی شەریف) لە ٢٩/١٠/٢٠٠٠ کە پێشمەرگەیەکی سەرەتایی شۆڕشی ئەیلول بووەو لەو شەڕەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری کردووە.

** ((ناحیەی کەندێناوە چۆن بەشێکی لیَ کرایە (القدس)و بەعەرەبکرا)) محمد سەعید سۆفی ڕۆژنامەی کوردستانی نویَ ژمارە ٢١٧٠ لە ١٢/٦/٢٠٠٠ ل٦.

*** جاشە عەرەبەکان بەسەرۆکایەتی مەحەمەد شەحادەی لهێب و مەحەمەد سولّتانی لهێبیو شێخ حەنەش حمادی هەوێرە (سەرۆك عەشیرەتی تەیی) بوو.

## خشتەی ژمارە ( ١٥ )

## ناوی ئەو گوندانەی بەر شاڵاوی بەعس و حەرەس قەومییەکان کەوتن

| ز | ناوی گوند | جۆری دەست درێژی | ڕۆژی دەست درێژی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەل لخێم | کوشتن | ٦٣/٦/٦ | ٦ هاوڵاتی بێ دیفاع لەسەر دەستی عەرەبەکانی شێخ حەنیش شەهید کران |
| ٢ | دیبەگە | تالآن، سوتاندن گرتن | ٦/١٣ | زۆربەی ماڵەکانی دیبەگە تالآن کراو دوکانەکانی بازاڕی دیبەگە سوتاو بەدەیان کەسی بێ دیفاعی ئەو شارۆچکەیە گیران |
| ٣ | کاریتان | تالآن کردن | ٦/١٣ | زۆر لەماڵەکانی کاریتان تالآن کرا |
| ٤ | جانە | گرتن، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | بەدەیان کەس تیادا گیراو تاکۆتایی ١٩٦٧ لەلایەن عەرەبە بەدوەکانی شێخ حەواس داگیر کرابوو، کوردەکانیش تیادا ڕاگوێزرابووە. |
| ٥ | تیکالۆ | گرتن، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | بەدەیان کەس تیادا گیراو تاکۆتایی ١٩٦٧ لەلایەن عەرەبە بەدوەکانی شێخ حەواس داگیر کرابوو، کوردەکانیش تیادا ڕاگوێزرابووە. |
| ٦ | چەغەمیرە | گرتن، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | بەدەیان کەس تیادا گیراو تاکۆتایی ١٩٦٧ لەلایەن عەرەبە بەدوەکانی شێخ حەواس داگیر کرابوو، کوردەکانیش تیادا ڕاگوێزرابووە. |
| ٧ | بیرەبات | گرتن، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | بەدەیان کەس تیادا گیراو تاکۆتایی ١٩٦٧ لەلایەن عەرەبە بەدوەکانی شێخ حەواس داگیر کرابوو، کوردەکانیش تیادا ڕاگوێزرابووە. |
| ٨ | جاستان | گرتن، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | بەدەیان کەس تیادا گیراو تاکۆتایی ١٩٦٧ لەلایەن عەرەبە بەدوەکانی شێخ حەواس داگیر کرابوو، کوردەکانیش تیادا ڕاگوێزرابووە. |
| ٩ | دەربەند | گرتن+ کوشتن+ ڕاگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | ٤ هاووڵاتی تیادا شەهید بوو |
| ١٠ | پەرکانە | گرتن+ ڕاگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | - |
| ١١ | عەولا فات | گرتن+ ڕاگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | گابەڵەکە | گرتن+ کوشتن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | هاووڵاتیەکی تیادا شەهید کرا |
| ١٣ | دڕکەی گەورە | گرتن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | - |
| ١٤ | چەرت | گرتن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | - |
| ١٥ | تەل هەلالە | گرتن+ راگواستن+ تالاّن | ٦/٢٤ | |
| ١٦ | گێسمە | گرتن+ راگواستن+ تالاّن | ٦/٢٤ | |
| ١٧ | گەزوەشان | گرتن+ کوشتن | ٦/٢٤ | |
| ١٨ | دەرماناوە | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ١٩ | خۆشاو | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٠ | دارەخورما | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢١ | حەسەن بلباس | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٢ | حاجی شێخان | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٣ | خدر جیجە | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ کوشتن | ٦/٢٤ | خێزانیك ( پیاوێك + ژنەکەی + کچکەی ) شەهید کران |
| ٢٤ | لاوەر | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٥ | گاوەرە | گرتن+ تالاّن+ راگواستن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٦ | کەندالّ | گرتن + کوشتن | ٦/١٠ | هاولاّتیەکی تیادا سەر بڕا |
| ٢٧ | سۆفی سمایل | گرتن + کوشتن + تالاّن+ سوتان | ٦/١٠ | دوو هاووڵاتی تیادا شەهید بوو یەکێکیان منالێکی سالەوەختی بوو |
| ٢٨ | دێمەکار | گرتن+ تالاّن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٢٩ | چیغلۆك | گرتن+ تالاّن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٣٠ | قوچ | گرتن+ تالاّن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |
| ٣١ | سێ قوچان | گرتن+ تالاّن+ بەعەرەبکردن | ٦/٢٤ | |

## خشتەی ژمارە ( ١٦ )

## ئەو گوندانەی لەساڵی ١٩٦٣دا بەعەرەبکران

| ز | ناوی گوند | هەڵکەوتی لەناوچەکەدا |
|---|---|---|
| ١. | کەنداڵ | لەبناری چیای بلباس |
| ٢. | گاوەرە | لەبناری چیای بلباس |
| ٣. | خدر جیجە | لەبناری چیای بلباس |
| ٤. | لاوەر | لەبناری چیای بلباس |
| ٥. | چیغلۆک | لەسەر لێواری کەند |
| ٦. | دێمەکار | لەسەر لێواری کەند |
| ٧. | جانە | لەسەر لێواری کەند |
| ٨. | چەغەمیرە | لەسەر لێواری کەند |
| ٩. | تیکالۆ | لەسەر لێواری کەند |
| ١٠. | عاڵڵا | لەسەر لێواری کەند |
| ١١. | کەندالە قەڵ | لەسەر لێواری کەند |
| ١٢. | بیرە بات | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٣. | جاستان | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٤. | پەڕکانە | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٥. | دەربەند | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٦. | قوچ | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٧. | غەرابە | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٨. | گابەڵەکە | لەبناری زوورگەزراو |
| ١٩. | چەرت | لەبناری زوورگەزراو |
| ٢٠. | گێسمە | لەبناری زوورگەزراو |
| ٢١. | تەل هەلالە | لەبناری زوورگەزراو |
| ٢٢. | حاجی شێخان | لەبناری چیای بلباس |
| ٢٣. | دارە خورما | لەبناری چیای بلباس |
| ٢٤. | حەسەن بلباس | لەبناری چیای بلباس |
| ٢٥. | خۆشاو | لەلێواری کەندێناوە |
| ٢٦. | دەرماناوە | لەلیواری کەندێناوە |

## نەخشەی ژمارە ( ٥ )

## گوندە بەعەرەبکراوەکانی ناوچەکە ساڵی ١٩٦٣



## خشتەی ژمارە (١٧)

## ناوی هەندێ لەو شەهیدانەی شاڵاوی ١٩٦٣

| ز | ناوی شەهیدەکان | تەمەن/ ساڵ | بەرواری شەهید بوون | شوێنی شەهید بوون | تێبینیو زانیاری دیکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | تایەر مەلا محەممەد جوکش | ٤٥ | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٢. | ئەنوەر مەلا محەممەد جوکش | ٣٠ | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٣. | ئەنوەر رەمەزان ئیسماعیل | | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٤. | عەزیز عوسمان ئیبراهیم | | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٥. | محەممەد عەلی سادق حمەدەمین | | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٦. | یاسین تەها | | ٦٣/٦/٦ | تەلەلخێم | لەلایەن عەرەبەکانی عەشیرەتی (طي) شێخ حەنیش شەهید کرا |
| ٧. | عەبدوڵلا شەریف | ٢٥ | ٦/٢٤ | سۆفی سمایل | لەلایەن هێزەکانی قۆڵی کەرکوك لەناو پەرێزی نزیك جادەی بەردی گولله باران کرا |
| ٨. | کورێکی مەجید شەریف | ١ ساڵ | ٦/٢٤ | سۆفی سمایل | لەباوەشی دایکی گوللەیەکی هێزەکانی سوپا و حەرەس قەومی پێکانی |
| ٩. | هەینی رەسوڵ | ٤٠ | ٦/١٠ | گاوەرەو کەندالْ | لەلایەن هەندێ عارەبی لهێبی ناسراوی خۆی سەربڕاوە |
| ١٠. | حاجی عەولا وەیسی حەمەد | ٥٥ | ٦/٥ | خدر جیجە | لەلایەن عەرەبی لهێب لەناو ماڵی خۆی گولله باران کرا لەگەڵ ژنیو کچێکی |
| ١١. | خەدیجە شێخو عەلی | ٤٥ | ٦/٦ | خدر جیجە | خێزانی حاجی عەولا بوو |
| ١٢. | قەدریە عەولا وەیسی | ٢٠ | ٦/٦ | خدر جیجە | کچی حاجی عەولا بوو |
| ١٣. | مامك پیرداود | ٦٠ | ٦/١٣ | عالْلا | لەکاتی راکردندا گوللەباران کرا |
| ١٤. | خەلیفە کاخدر | ٦٠ | ٦/١٣ | دەربەندی سیان | |
| ١٥. | قادر عومەر | ٢٥ | ٦/١٣ | دەربەندی | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | سیان | |
| ١٦. | کوڕێکی تایەر سمایل خوازێ | - | ٦/١٣ | دەربەندی سیان | |
| ١٧. | جەمیل ئەحمەد | - | ٦/١٣ | گابەئەکە | لەناو ئاشی شەهید کراوە |
| ١٨. | ژنێکی شێت | ٢٥ | ٦/١٣ | گەزوەشان | جوێنی بەعەرەبێك دا بوو بۆیە شەهیدی کرد |
| ١٩. | سابیر عەبدوڵلا | ٤٠ | ٦/١٣ | گەزوەشان | |

## خشتەی ژمارە ( ١٨ )

## ناوی هەندێ لەو کەسانەی لەشاڵاوی ١٩٦٣ لەناو شارۆچکەی دیبەگەدا گیران

| ز | ناو شوێنی گرتن | تەمەن ساڵ | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | سمایل عەلی | ٥٢ | هەولێر | بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٢. | قادر خدر عەبدوڵلا | ٥٢ | هەولێر | بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٣. | حاجی برایم قادر | ٥٥ | هەولێر | بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٤. | ئەحمەد قابرەش | ٥٠ | هەولێر | بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٥. | فەقی عەولا خەلیل | ٥٣ | هەولێر | بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٦. | هەمزە کاکەشین | ٥٠ | هەولێر | خەڵکی گوندی جاستان بوو، بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی کرا |
| ٧. | ئەحمەد عەباس | ٤٠ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ٨. | سابیر ئەمین قادر | ٤٢ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ٩. | نادر قادر حسن | ٣٥ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٠. | جەوهەر سەلیم قادر | ٣٥ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١١. | عوسمان سەلیم قادر | ٣٣ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٢. | حەوێز قادر خدر | ٢٨ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٣. | ساڵح قادر خدر | ٢٥ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٤. | مامەند حەمەد کوردە | ٢٥ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٥. | عەزیز عەلی حەمەد | ٤٥ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٦. | ساڵح سمایل سێودین | ٤٠ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٧. | ئەحمەد حەمید رەسوڵ | ٣٠ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٨. | محەممەد حەمید رەسوڵ | ٣٨ | هەولێر | ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ١٩. | لاوکۆ فەقی عەولا خەلیل | ٣٠ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٠. | تۆفیق حاجی مەحموود | ٤٠ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی ( ١١ ) مانگ زیندانی کرا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١. | حەسەن حاجی مەحموود | ٣٠ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٢. | کەمال حاجی برایم | ٢٥ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٣. | سەیفەدین برایم قادر | ٤٠ | هەولێر | درا بەدادگای عورفی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٤. | جەمال حاجی برایم | ٢٥ | هەولێر | بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٥. | عومەر شێخ محەممەد | ٣٥ | هەولێر | بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٦. | خدر شێخ محەممەد | ٣٨ | هەولێر | بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٧. | خالد ئەحمەد قایرەش | ٢٨ | هەولێر | بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی کرا |
| ٢٨. | رەشید رەزا | ٤٢ | هەولێر | بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی کرا |

# راگواستنی ساڵی ١٩٧٦

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥)، دەسەلاّتدارانی بەعس بەڕادەیەك لەخۆبایی ببوون وایان مەزەندە دەکرد شۆڕش لەباشووری کوردستان هەتا هەتایە کۆتایی هاتووە، هەر بۆیە زۆر بەپەلە کەوتنە جێبەجێ کردنی بەرنامە رەگەزپەرستییەکانیان دژ بەخەڵکی باشووری کوردستان و، بەزۆر راگواستنی گوندەکانی بەناو سەر سنوورو بەعەرەبکردنی کەرکوك و خانەقین و زمارو ژەنگار، لەناوچەی کەندێناوەش چەند گوندێك وەبەر ئەو شالاّوە کەوت، ئەوە بوو لەتەممووزی ١٩٧٦ (٢٩) گوندی ناوچەکە بەپێی فەرمانێکی بەناو کۆماری[1] لەکوردان ڕاگواست و دەست بەسەر زەوی‌و زارە تایبەتی‌و گشتییەکان داگیراو پاشان عەرەبنشین کراو خرایە سەر قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوك و گوندی سەرگەڕان کرایە ناحیەو ناونرا (القدس)، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە زۆربەی ئەو گوندانە چاڵە نەوتی تێدایەو لەسەر تخوبی کەرکوکە، بەم شێوە (١٢٠٠) دۆنمی لەزەوی‌و زاری کەندێناوە دابڕاند.

---

١- فەرمانی کۆماری (٣٣) کە لە ١٩٧٦/١/٢٥ دەرچووە.

## خشتەی ژمارە (١٩)

## ناوی ئەو گوندانەی بە پێی فەرمانی کۆماری (٣٣) لەبەرواری ١٩٧٦/١/٢٥ لەکەندێناوە ڕاگوازراو بەعەرەبکرا

| ز | گوند | مال[١] | کەس | عەشیرەتی کورد | ماڵە عەرەبی تەعریب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | جاستان | ٥٠ | ٤٨٠ | سیان | ٢ | ئێستا چۆلە |
| ٢. | دەربەندی گۆم | ٦٠ | ٣٦٠ | سیان | ٢٠ | ئێستا چۆلە |
| ٣. | سەربەشاخ | ٥٠ | ١٥٠ | سیان | ٥٠ | عەرەبی شێخ نەواف تێدایە |
| ٤. | پەرکانە | ٨٠ | ٢٢٦ | کاڕەش،.. | ١٠٠ | مەرکەزی شێخ نەواف |
| ٥. | عەولا فات | ٢٠ | ١٨٠ | سیان | - | - |
| ٦. | دەربەند سارەلو | ٧٠ | ٣٠٠ | سیان | ١٠ | ئێستا چۆڵە |
| ٧. | شەنەغە | ٨٠ | ١٨٠ | سیان | ٥٠ | |
| ٨. | دڕکەی کوردان | ٥٠ | ١٥٠ | سیان | - | ئێستا چۆڵە |
| ٩. | چەرت | ٦٠ | ١٨٠ | سیان | ٢٠ | ئێستا چۆڵە |
| ١٠. | گێسمە | ١٤ | ٣٠٠ | سیان | ٤٠ | - |
| ١١. | تەل هەلالە | ٤٠ | ٢٤٠ | سیان | ١٥ | - |
| ١٢. | گەزوەشان | ٣٠ | ٣٦٠ | سیان | ٥٠ | - |
| ١٣. | شەعەل | ٢٠ | ٢٤٠ | مامەسێنی | - | - |
| ١٤. | سێبیران | ٣٠ | ١٥٠ | مامەسێنی | - | - |
| ١٥. | کەندالْ قوتنی | ١٢ | ١٢٠ | مامەسێنی | - | - |
| ١٦. | سلێمان بەخش | ١٠ | ١٢٥ | مامەسێنی + سیان | - | - |
| ١٧. | سەرگەڕان | ٢١٠ | ١٢٠٠ | مامەسێنی | ١٥٠ | کراوە بە ناحیەی (القدس) |
| ١٨. | غەرابە | ٢٠٠ | ٦٣٦ | سیان + کارەوان | - | - |
| ١٩. | داودە گورگە | ٣٠ | ١٨٣ | مامەسێنی + سیان | | - |
| ٢٠. | قوچ | ٣٠ | ١٢٠ | سیان | - | - |
| ٢١. | قەپلان | ١٥٠ | ٤٠٧ | سیان+ مامەسێنی+ دارکە | | - |

١-ئەمنی ستراتیژی عێراق سێ کوچکەی بەعسییان / ل٢٥٣.
٢-نفط وتأثيره على عمليات التهجير والتعريب في كوردستان العراق، ص٦٣ ٧٧.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٢٢ | گەڕە لهێبان | ١٥٠ | ٤٢٨ | سیان+ مامەسێنی+ کوردە+ شێروانی | - | چۆڵە |
| .٢٣ | خۆشاو | ١٥ | ١٠٣ | شێروانی + کوردە | | چۆڵە |
| .٢٤ | دەرماناوە | ١٣٠ | ١٤٩ | نانەکەلی | | چۆڵە |
| .٢٥ | سێقوچان | ٣٥ | ٢٣٢ | - | - | - |
| .٢٦ | قەبری عەلی | ٢٠ | ١٢٠ | - | - | - |
| .٢٧ | گابە لەکە | ٨٠ | ٢٠٥ | سیان | | - |
| .٢٨ | سلێمان بەخش کچکە | ١٢ | ١٣٥ | مامەسێنی | | - |
| .٢٩ | دڕکەی عارەبان | ٥٠ | ١٢٠ | بەنی تەیم | | - |

**نەخشەی ژمارە ( ٦ )**

**ئەوگوندانەی بەعەرەبکراون ساڵی ١٩٧٦**



## راگواستن بەهۆی
## شەڕی سەپێنراوی سەرگەلی کوردستان

لـەدوای ناوەڕاسـتی هەشـتاکان شۆڕشـی باشـووری کوردسـتان چـالاکیو نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان برەوی پـێدرا، گوندەکانی ناوچـەی کـەندێناوە بەنیمچە ئـازاد کـراو دەژمـێردرا چـەند گورزێکـی کوشـندە ئاڕاسـتەی جەسـتەی داگیرکـەری عـێراقی کـراو، داگیرکـەر بـەپێی بڕیـارێکی تایبـەت بـۆ چـاو ترساندنی جەماوەر لەهەر گوندێك چالاکییەکی پێشمەرگە ئەنجام بدرابایە ئەوا ئەو گوندەی تـەخت دەکردو خەڵکەکەشـی دەربـەدەر دەکـرد، هـەروەکوو هاتنەسـەرکاری جاری یەکـەمیان کـە لەتۆڵـەی تێکشـکانییان لەشـەڕی (دارە خورمـا) پـتر لـە (٣٠) گوندیان سوتاندو بەدەیان کەسیشیان شەهید کرد، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ ئەم گوندانەی تەخت کرد کە لەخشتەی ژمارە (٢٠) دەست نیشان کراوە.

**نەخشەی ژمارە ( ٧ )**

**ئەو گوندانەی بەهۆی شەڕی کوردستان راگوێزراون**



# راگواستنی سالأنی ١٩٨٧-١٩٨٨

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ حکومەتی عێراقی دەسەڵاتی بەسەر باشووری کوردستان کزببوو، تەنیا کۆنترۆڵی لەسەر شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێو جادە سەرەکییەکان مابوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەترسی گەورەی دروست کردبووە سەریان، بۆ خۆ رزگار کردن لەو واقیعەو بەپێی پیلانێکی هەمە لایەن و ورد شاڵاوێکی عەسکەری کە بەناوی شاڵاوەکانی (ئەنفال) دەناسرێ، لەسەر دەستی ئامۆزای سەدام (علی حسن المجید) لەبەهاری ئەو ساڵەدا ، بەپێی بڕیارێکی بەناو (مجلس القيادة الثورة) بەژمارە (١٠٦) دەستی پێکرد، لە ١٩٨٧/٣/١٥ بەتەواوی دەسەڵاتەکانی سەدام لەباشووری کوردستان دەست بەکاربوو، سەرەتا بەبڕیاری (محظور الاداري)، لەگەڵ گوندەکانی دیکەی باشووری کوردستان، گوندەکانی کەندێناوەشی گرتەوەو لەزۆربەی مافەکانی هاولاتی بێ بەشی کردن و ئابلوقەیەکی ئابووری توندی خستنە سەر، تا لەکۆتایی مانگی ئەیارو سەرەتای حوزەیران تەواوی گوند نشینە کوردەکانی ڕاگوێزرا بۆ ئۆردوگاکانی دارەتوو، بنەسلاوە، کەورگۆسک، تۆپزاوە، جدیدە، تەنیا دیبەگە نەبێت ئەویش لەگەڵ شاڵاوی کۆتایی ئەنفال (خاتم الانفال) لە ١٩٨٨/٨/٢٢ تەواوی دانیشتوانی کە سەرجەمیان کورد بوون بەزۆرەملێ گوازرانەوە بۆ ئۆردوگای هەنجیرۆکی ناوچەی خەبات کە ٣٢ کم لەهەولێر دوورە.

**نەخشەی ژمارە ( ٨ )**

**ئەو گوندانەی ساڵی ١٩٨٧ راگوێزراون**



## نەخشەی ژمارە ( ٩ )

## راگوێزانی ( دیبەگە )



## خشتەی ژمارە ( ٢٠ )

# ناوی هەندێ لەو گوندانەی بەهۆی شەڕی کوردستان تێکدراون

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی کورد | ڕۆژی ڕاگواستن | شوێنی ڕاگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | سمایلاوە سەروو | ١٥ | ئۆرمزیار | ١٩٨٦/٥ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە زەوییەکان عەرەبی بەدوو دەیکێڵێ | |
| ٢. | سمایلاوە خواروو | ٥ | ئۆرمزیار | ١٩٨٦/٥ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە زەوییەکان عەرەبی بەدوو دەیکێڵێ | |
| ٣. | سەیدۆکە | ٥ | گەردی | ١٩٨٦/٤ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە زەوییەکان عەرەبی بەدوو دەیکێڵێ | |
| ٤. | سەید عوبێد | ٧ | ڕۆژبەیانی سورچی، فەقی مەرکی | ١٩٨٦/٥ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە زەوییەکان عەرەبی بەدوو دەیکێڵێ | |
| ٥. | شوڕەزەرتکە | ٥٠ | ڕۆژبەیانی | ١٩٨٦/٥ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | ٣٠ | لەلایەن عەشیرەتی سدیدو شەمیر داگیر کراوە | مستوطنەی فوراتە سدید و شەمەر |
| ٦. | مەلا قەرە | ٢٠ ٠ | ساڵەیی + ڕۆژبەیانی | ١٩٨٦ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | ٤٠ | لەلایەن سلیلەو لهێب و سبعاوی و طائی داگیر کراوە | مستوطنەی عدنانیة شلیلة، لهَیب سبعاوي، طائي |
| ٧. | کورتان دروو | ٢٠ | زێن دینی | ١٩٨٦ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە | |
| ٨. | لاوەر | ١٧ | بندیان | ١٩٨٦ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە | |
| ٩. | حاجی شێخان | ١٥ | شێروانی | ١٩٨٦ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە | |
| ١٠. | حەسەن بلباس | ١٠ | شێروانی | ١٩٨٦ | دارەتوو، بنەسلاوە، تۆبزاوە، جدیدە - کەورگۆسک | | چۆڵە | |

## خشتەی ژمارە ( ٢١ )

## ناوی ئەو گوندانەی دامێنی چیای ( مام ڕەش ) ناوچەی کەندێناوە کە لە ١٩٨٧ ڕاگوێزراون

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی کورد | رۆژی ڕاگواستن | شوێنی ڕاگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | کەندالْ یارمچە | ٣٠ | ئالی کورتکی | ١٩٨٧/٤ | دارەتوو، بنەسلاوە | - | زەوییەکان لەلایەن هەندێ عەرەبی قەراج دەکێلرێ | |
| ٢. | گردەشینە | ٦٠ | ئۆمەربل | ١٩٨٧ | دارەتوو ، بنەسلاوە | ٣٠ | هەندێ لەعەشیرەتی گەرگەری تێدایە شوێنی مستوطنةی ( تل الحیال )ە | |
| ٣. | مەلاکاغە | ٥٠ | گەلاڵی | ١٩٨٧ | هە نجیرۆك | - | چۆڵە | |
| ٤. | کەپەنك ڕەش | ٣٠ | سارمەمی، خیلانی، سورچی | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | - | چۆڵە | |
| ٥. | شێخە لاس | ١٠ | خۆشناو | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | - | چۆڵە | |
| ٦. | بیرە بەرازە | ١٥ | | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | | | |
| ٧. | ناسر | ٥ | ڕێندینی | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | | | |
| ٨. | میلی هۆرت | ١٥ | گەردی | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | | | |
| ٩. | تەلەلخێمی گچکە | ١٠ | ڕۆژبەیانی، ئاکۆ، گەلاڵی، بلْباس، سورچی | | دارەتوو، بنەسلاوە، جدیدە، تۆبزاوە، کەورگۆسك | ٢٠ | لەلایەن عەشیرەتی جبور داگیرکراوە مستوطنەی ( الوحدە )یە | |

## خشتەی ژمارە ( ٢٢ )

## ناوی ئەو گوندانەی بناری زوورگەزراوی رۆژئاوای جادەی مەخموور کە لە ١٩٨٧ راگوێزراون

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی کورد | رۆژی راگواستن | شوێنی راگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | چل هەوێزە | ٤٠ | لەک، ئۆرمەبل، بندیان | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |
| ٢. | خورمەڵە | ٢٥ | گۆران، گەردی، سەید، مخباز | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |
| ٣. | شۆریجە | ٢٠ | گۆان، نانەکەلی، سنجاوی، کوردە | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |
| ٤. | حەسارۆکان | ١٥ | سەید | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |
| ٥. | یەدیقو | ٤٠ | لەک | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |
| ٦. | بەرزەوار | ٦٠ | – | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە | | چۆلە | |

## خشتەی ژمارە ( ٢٣ )

## گوندەكانی رۆژئاوای جادەی مەخمووری رۆخی كەندەكانی كەندێناوە كە لە ١٩٨٧دا راگوێزراون

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی كورد | رۆژی راگواستن | شوێنی راگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | كۆزەپانكە | ١٠٠ | زێدبەگی | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | چۆڵە | |
| ٢. | دووشیوان | ٢٠ | لەك | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | | |
| ٣. | خەزنە | ١٥ | سارمەمی | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | | |
| ٤. | گردی گۆم | ١٠ | ئۆمەربل | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | لەلایەن طائیو سنبس داگیر كراوە | مستوطنەی (سلامیة) تیا دروست كراوە |
| ٥. | حەسەن بەگ | ٣٠ | سارمەمی، گەلاڵی | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | چۆڵە | |
| ٦. | ماجید | ٨٠ | سارەییو بەرزنجە | ٨٧/٥ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیدە، تۆبزاوە، كەورگۆسك | | چۆڵە | |

## خشتەی ژمارە ( ٢٤ )

## ناوی ئەو گوندانەی رۆژهەڵاتی جادەی مەخموور- دامێنی چیای بڵباس

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی کورد | رۆژی راگواستن | شوێنی راگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | کەنداڵ | ٣٠ | ئالی کورتکی | ٨٧/٥ | بنەسڵاوە، دارەتوو، جدیدە، کەورگۆسك، تۆبزاوە | | چۆڵە | |
| ٢. | گاوەرە | ٧٠ | ئالی کورتکی | ٨٧/٥ | بنەسڵاوە، دارەتوو، جدیدە، کەورگۆسك، تۆبزاوە | ٢٥ | سنان، طائی، داگیر کردووە | مستوطنەی الرسالة تێدا دروست کراوە |
| ٣. | خدر جیجە | ٤٠ | بندیان | ٨٧/٥ | بنەسڵاوە، دارەتوو، جدیدە، کەورگۆسك، تۆبزاوە | | چۆڵە | |

## خشتەی ژمارە ( ٢٥ )

## گوندەکانی ڕۆخی کەندێ - ڕۆژهەڵاتی جادەی مەخموور

| ز | ناوی گوند | ماڵ | عەشیرەتی کورد | ڕۆژی ڕاگواستن | شوێنی ڕاگواستن | ماڵی تەعریب | عەشیرەتی عەرەب | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | دێمەکار | ٩٠ | | | | ٤١ ماڵی کوردی تێدایە، لەلایەن سەدام بە مام عەزیز حەسەن بندیان بەخشرا | | |
| ٢. | چیغلۆک | ٣٠ | شێروانی | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | چۆله | |
| ٣. | کەندالْ قەلْ | ٥٠ | مامەسێنی، شێروانی | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |
| ٤. | کاریتان | ٢٠٠ | کارەش، لەک، بابۆکی، بندیان | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |
| ٥. | جانه | ٣٠ | پیوە، گێژ، کارەش | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |
| ٦. | تیکالۆ | ٣٠ | سۆفی، پالانی، سیان، کوردە | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |
| ٧. | بیرە بات | ٣٠ | سیان | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |
| ٨. | سۆفی سمایل | ١٥ | بندیان، ئۆمەربل، بلْباس ( جبور ) | ١٩٨٧ | دارەتوو، بنەسڵاوە، جدیده | | = | |

# ڕۆڵی ناوچەی کەندێناوە
# لەجولانەوەی نیشتمانی کوردستاندا

ئەگەرچی ناوچەی کەندێناوە، ناوچەیەکی دواکەوتوی دوورە دەست بووەو پەیوەندییە خێڵەکیەکانی تیادا زاڵ بووە، داگیرکەری عێراقی بەئەنقەست لەڕووی پێشکەوتن و روناکبیرییەوە گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی سیاسییەوە جولانەوەیەکی فراوانی تێدا بەڕێوە چووە، ڕێژەی بەشداریو ڕۆڵی خەڵکەکەی لە شۆڕشی کوردستان و خەباتی نیشتمانیو چینایەتی بەپێی پانتاییو ژمارەی دانیشتوانی بەشدارییەکی چالاك و پێشەنگانە بووە.

لەسەردەمی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموود)و یەکەم حکومەتی کوردستان لەناوچەی کەندێناوە هەوادارانییان هەبووەو چەند سوارچاکێکی ئەو ناوچەیە لەپاڵ شێخی نەمردا بەشداریان کردوە، لەکۆتایی سالانی سییەکاندا حزبی هیواو حزبی شیوعی عێراقی لەم ناوچەیە چەکەرەیکردووەو لەناو کۆمەلانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا رەگیان داکوتاوە، لەدوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوادارانی حزبی هیوا بونەتە ئەندامی ئەو حزبە تازەیە (مەلا عبدولڵای حاجی سمایل)و (عەونی یوسف)ی پارێزەرو هەندێ لەروناکبیرە تازە پێگەیشتوەکانی ناوچەکە رۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لەفراوانکردن و بۆ پێشەوە بردنی جولانەوەی سیاسی، لەساڵی ١٩٤٨دا ئاهەنگی نەورۆز لەبناری زوورگەزراو کراوەو جوتیارانی ناوچەی کەندێناوەش هێزی پشتیوانیو مۆڕالی راپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ بوونەو بەشدارییان لەخۆپیشاندان و مانگرتنەکانی هەردوو شاری هەولێرو کەرکوکدا کردوە[1]، لەگەڵ شۆڕشی (١٤) تەمموزو روخانی رژێمی پاشایەتی لەعێراقدا جولانەوەی سیاسی لەسەرجەم باشووری کوردستان جۆش و خرۆشێکی نوێی بەخۆیەوە دیت و بارەگاو شوێنی حزبایەتی لەو ناوچەیەش بەئاشکرا کرایەوە.

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی جەمال حاجی برایم کە یەکێ لە گیراوە سیاسییەکانی خۆپیشاندانی (وثبة) بووە لەهەولێرو خەڵکی دیبەگەیە لە (١٤/١٠/٢٠٠٠).

ئازادی سیاسیو رادەربڕین بەشێوەیەکی ڕێژەیی تاکودەتا شومەکەی ١٩٦٣ درێژەی هەبوو چالاکی حزبی شیوعیو پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو لەدوای کودەتایەکە ئەو ئازادییە نەماو دەستی دیکتاتۆریەت و ستەمی زۆرداری کۆنەپەرستان گەڕایەوە.

## هۆکارەکانی بەگوڕبوونی جولانەوەی سیاسی لەناوچەی کەندێناوە

ئەگەرچی کەندێناوە دوورە دەست و دواکەوتوو بووەو پەیوەندییە خێڵەکیەکان بەسەر هەموو پەیوەندییەکانی دیکەدا زاڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا جولانەوەیەکی سیاسیو نیشتمانی کەوتۆتە ناوچەکەو لەچاو قولایی‌و ڕێژەی دانیشتوانی، بەشدارییەکی چالاکانە یان هەبووە بەتایبەتی لەخەباتی چەکداری پتر لە(٣٠) ساڵەی شۆڕشی باشووری کوردستان بەڕای ئێمە هۆکانی دەگەڕێتەوە بۆ:

١-ناوچەکە سەرەڕێی هاتووچۆی شارە گەورەکانی وەکوو (هەولێرو کەرکوك و موسڵ)ە، باهۆزی سیاسی لەو ناوەندانە پەڕیوەتەوە ئەو ناوچەیەش.

٢-زۆرداریو ستەمی ئاغاکان لەڕووی چیناتییەوە لەگەڵ جوتیاران کە زادەی یەك هەناو نەبوون، ببووە مایەی هوشیاریو خەباتی چینایەتیو کە لەئاکامدا هوشیاری نیشتمانیو سیاسی لێ دەکەوێتەوە.

٣-ناوچەیەکی توخوبی عارەبنشینەو زۆرداریو ستەمی نەتەوەیی بەپاڵپشتی دەسەڵاتداران، جولانەوەی سیاسی لەناوچەکە بەگوڕتر کردووە.

٤-پەیوەندی کوڕە ئاغاکان و دەسترۆیشتوەکانی ناوچەکە لەگەڵ پایتەخت و شارە گەورەکانی عێراق و دونیا، ئاشنابونێکی لێ کەوتۆتەوە.

٥-فەرمانبەرانی حکومەت بەتایبەتی مامۆستایان کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووەو پێشەنگ بوون لەبڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتیو پێشکەوتنخوازی لەناوچەکەدا.

## شۆڕشی چەکداری و ناوچەی کەندێناوە

دوای ئەوەی خەڵکی باشووری کوردستان لەدەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق بێ ئومێد بوون لەدابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانیان و پتر چاوەڕوانی دەستەو

ئەژنۆی لەبەرامبەردا نەدەکراو پێویستی بەجولە کردن هەبوو، هاتنە مەیدانی شۆڕشی ئەیلولی ئازادیخواز لەبنەڕەتدا بۆ دابین کردنی مافەکانی خەڵکی باشووری کوردستان و یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییە سەرەکییەی نێوان داگیرکەری عێراقیو خەڵکی باشووری کوردستانە کە لەڕاستیدا رووداوێکی مەزن و وەچەرخانێکی مێژوویی گەورەبوو لەخەباتی رەوای گەلی کوردستاندا، ناوچەی کەندێناوەش وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی باشووری کوردستان کە لەهەمان دۆخدا دەژیا دووری رووداوەکان نەبوو بەتایبەتی کە کادیرو هەوادارانی پارتە سیاسیەکان فەرمانی گرتن و دەست بەسەریان بۆ دەرکرابوو لەلایەن دام و دەزگاکانی دەسەڵاتدارانی ئەوسا، بەدەیان کادیری پارتیو شیوعی بەهۆی لێپێچینەوەی یاسایی بەناچاری هەڵوێستی تایبەتی خۆیان وەرگرتبوو خۆیان حەشار دابوو لەبناری چیای بڵباس بەتایبەتی دوای شەڕو پێکدادان لەناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان و بەدەسەڵاتدار کردنەوەی کۆنەپەرستان و ستەمکردنی سەر جوتیاران بەتایبەتی دوای کودەتا شومەکەی ١٩٦٣و پشتگیری دەسەڵاتداران بۆ خێڵە عەرەبییەکانی دەوروبەری ناوچەکە لەلایەن حکومەتی رەگەز پەرستی عەرەبیو دەستدرێژیکردنیان و شەڕ فرۆشتنیان بەدانیشتوانی گوندو شوێنە کوردنشینەکاندا، دەستەی چەکداری لەناوچەکە بەرەو زیادبوون چوو و بنکەی پێشمەرگە لەبناری چیای بڵباس دروست بوو، تا لەرۆژی ١٩٦٣/٦/١٣ هێزێکی چەکداری حکومەت هێرشێکی کت و پڕیان کردە سەر ئەو بنکەیەو دوژمن تێك و پێك شکێنرا ئەو شەڕە لەمێژووی خەباتی گەلەکەماندا بەشەڕی (دارەخورما) ناسراوە.

## ( مستوطنە ) کۆلۆنیالیستە عەرەبیە چاندراوەکانی ناوچەی کەندێناوە

١-**ناحیەی القدس:** گوندی سەرگەڕان لەساڵی ١٩٧٦ بەفەرمانێکی کۆماری لەناحیەی دیبەگەیان دابڕاندو بەقەزای دوبزەوە لکێنرا، کوردیان لێ راگواست و چەند خێڵێکی عەرەبی بەدوی شەمەری تیادا نیشتەجێ کردو کە لەکۆنەوە ئەم گوندە جێواری عەشیرەتی مامەسێنی کوردانە.

٢-**سەربەشاخ:** لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ (٢٩) گوندی دیکە لە کورد راگوێزراو خرایە سەر قەزای دوبز، عەشیرەتی شەمەری (حواس سدید) تیادا نیشتەجێ کراو ئێستا سەر

بەناحیەی (القدس)ە، لەبنەڕەتدا ئەم گوندە جێ هەواری هادی ئاغای عەشیرەتی سیانە.

٣- **پەڵکانە**: لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەر (٢٩) گوندەکانی دیکە خرایە سەر پارێزگای کەرکوك و ئێستا سەر بەناحیەی (القدس)ەو عەشیرەتی شەمەری سەر بەشێخ نایفی تیادا نیشتەجێ کراوە.

٤-**عدنانیة**: لەشوێنی کەوتنی کۆپتەرەکەی عدنان خیراللەی وەزیری بەرگری عێراقی لەنزیك گوندی مەلا قەرە دامەزراوەو کەپێشتر زۆربەی خەڵکی گوندی مەلا قەرە سەر بەعەشیرەتیساڵەیی کوردان بوون و ئێستا لەلایەن چەند عەشیرەتێکی عەرەبی (شلیلە، لهێب، شێخ زێدان، سبعاویو طائی) داگیرکراوەو لەلایەن رژێم چەکدار کراون ئێستا بەناحیەی العدنانیە ناسراوە.

٥-**قریة عاگوب**: لەسێ چارەی کوردان دروست کراوەو لەلایەن چەندماڵێکی سەر بە (جمیل عزیز عاگوب)ی عەشیرەتی سنبس داگیرکراوەو سەر بەناحیەی عەنانیەیە.

٦-**الوحدة**: بەرامبەر گوندی (تەلەلخێم)ی گەورە لەسەر جادەی کوبیان کە موسڵ و کەرکوك بەیەکەوە دەبەستێتەوە دروست کراوەو لەلایەن عەشیرەتی جبور داگیرکراوەو ئێستا سەر بەناحیەی عەدنانیەیە.

٧-**بڵندگوێر**: لەلایەن جمیل عاگوب داگیرکراوەو ئۆردوگایەکی تیادا دروست کراوەو لەلایەن رژێمی داگیرکەر چەکدار کراون و سەر بەناحیەی عەدنانیەیە.

٨-**فورات**: بەرامبەر بە شۆڕەزەرتکەی کوردان دروست کراوەو لەلایەن عەشیرەتی سدیدو شەمەر داگیرکراوەو سەر بەناحیەی عەدنانیەیە.

٩-**قریة السلام**: لەنزیك گوندی گردی گۆم دروست کراوەو لەلایەن عەشیرەتی طائیو سنبس داگیرکراوە.

١٠-**تل الحیال**: لەبناری چیای سەرکەشی (قەرەچووغ) لەنزیك گوندی گردەشینە دروست کراوە لەلایەن چەند ماڵێکی گەرگەری کە خۆیان بەعەرەب نووسیوە داگیرکراوە.

١١-**الرسالة**: نزیك گوندی گاوەرەی جێهەواری ئاری کورتکیانی (سورچی) کوردان دروست کراوەو لەلایەن عەشیرەتی طائی داگیرکراوەو سەر بەناحیەی دیبەگەیە.

١٢-**ناحیەی دیبەگە**: ئێستا دەخوازن بەسیف القائد ناوی بزرێنن سەد ماڵی پتری تێدا نیشتەجێ کراوە لەناو خانووبەرەکانی کوردان، زۆربەیان سەر بە عەشیرەتی (الجمیلي)ین.

ئەمەو چەندین ڕەشماڵ نشین و خانووی بێ سەروبەری ئەو عەشیرەتانە بەتایبەتی بەدوی شەمەری سەر بە حەواس سدیدو عیادەی برایو بە مەڕنشینی لەو ناوچەکەدا پەرت و بڵاون.

## ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی کەندێناوە کوردستانی بوونی ناسڕێتەوە

لەوەتەی باشووری کوردستان بەدەوڵەتی دەستکردو داتاشراوی عێراقی لکێنراوە، دەسەڵاتدارە یەك لەدوایەکەکانی عیراقی (پاشایەتیو کۆماری) بەهۆی دەماری ڕەگەزپەرستی عەرەبی نەیان توانیوە لەلۆژیکی عەقڵ و چارەسەری عادیلانە خواستراوی جەماوەری باشووری کوردستان نزیك ببنەوە، پتر بەلای بەکارهێنانی هێزو سەر کوتکردن داشکاون، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین و گۆڕانکاییەکانی دونیاو ناوچەکە، نەدەسەڵاتدارانی بەعس و نەپێکهاتەی ئێستای ئۆپۆزسیونی عێراقی لەچارەسەرو چارەنووسێکی ئەوتۆ نزیك دەبنەوە کە کۆتایی بەکێشەکە بهێنێو چارەسەری بکات، بگرە دەسەڵاتدارانی بەعسی داگیرکەر بەرەو بەراگواستنی زۆرەملێو بەعەرەبکردن و دروست کردنی مستوطناتی ئیستیطانی عەرەبیو گۆڕینی ناوی شارو شارۆچکەو شاخ و ڕووبارو گەڕەك و شەقام و خوێندگاو شوێنە گشتیەکانی ئەو ناوچانەی باشووری کوردستان کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردایە لەخواروی هێڵی (٣٦)ە، بۆ ناوی عەرەبی کە بۆنی ڕەگەزپەرەستیو خۆبەزلزانی نەتەوەیی لێ دەتکێتەوە دەدەن، وەکوو هەولێکی نەزۆکانەی لەسەرەتا تێکشکاو بۆ گۆڕینی سیماو دیموگرافیای باشووری کوردستان کە بەقازانجی ڕەگەزی عەرەبییدا تەواو دەبێ، ئێستا شاڵاوی (تصحیح القومیة) گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بۆ عەرەبیو ڕەتکردنەوەی خوێندن بەزمانی کوردی لەو شوێنانەی کە خۆی دانی پیاناوەو ناوی لێناوە (ناوچەی حوکمی زاتی) دەست پێکردووەو، بەپێی بڕیارێکی تایبەت زەویو زاری کشتوکاڵی تایبەت و گشتی ناوچەی کەندێناوەی دەست بەسەردا گرتووەو بەسەر ماڵە عەرەبەکانی دابەشکردووەو بۆ هەر ١٢٠ دۆنم زەوی بیرێکی ئیرتوازی لێ داوەو کار دەکا بەلکاندنی ناوچەی کەندێناوەو قەراج بەپارێزگای موسڵ، بەلام گۆڕینی ناوی سەرگەڕان بۆ (القدس)و مەلاقەرە بۆ

(عدنانیه)و شۆڕەزەرتکە بۆ (عاگوب)و گاوەرە بۆ (الوحدە) گردی گۆم بۆ (سلام)و دیبەگە بۆ (سیف القائد)، راستیە مێژووییەکانی ئەو ناوچەیەو کوردستانی بوونی‌یان ناسڕێتەوەو لەدەست نادات و درەنگ یان زوو ئەو ناوچەیە لەشەمشەکوێرەکانی تەعریب پاك دەکرێنەوەو بۆ عەشیرەتە رەسەنە کوردییەکانی ناوچە دەگەڕێتەوەو ئەو کەسانەی هاتوونەتە سەر زەوی‌و زاری کوردان تووشی دوا رۆژێکی رەش دەبنەوە.

## راگواستنی زۆرەملێ‌و بەعەرەبکردن سزایەکی بەکۆمەڵ و پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤە!

راگواستنی زۆرەملێی خەڵکی باشووری کوردستان لەسەر دەستی رژێمە کۆلۆنیالیستە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی لەسایەی رژێمی بەعسی بەغدا، بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان سزایەکی بەکۆمەڵ و پێشل کاریەکی راستەوخۆی مافی مرۆڤە، دەزگا نێودەوڵەتی و کەناڵە سیاسیی‌و مرۆییەکانی دونیا لێپرسراوەتیان دەکەوێتە سەرشان لەبەرامبەردا بەتایبەتی کە ئێستا مافی مرۆڤ یەکێ لەدینگە هەرە بنەڕەتیەکانی بەناو سیستەمی نوێی جیهانەو ئەو پێوەرەش زۆر لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی پێ مەستاڕ دەکرێ، راگواستنی بەزۆرو زەوت کردنی مولك و نیشتەجێ کردنی بەزۆری خەڵکی باشووری کوردستان لەئۆردوگاکان بەپێی زۆر لەمادەکانی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ، پێشلکاریەکی راستەوخۆیە، بەتایبەتی کە بەجۆرێ سزای بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێ کەئەمیش قەدەغەکراوە، بەڕای ئێمە لەسەر لایەن و دەزگا سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیەکانی کوردستان پێویستە.

١-راگواستن و بەعەرەبکردنی گوندو شارو گۆڕینی ناوەکانی رووبارو شاخ و گەڕەك و شەقام و قوتابخانەکانی باشووری کوردستان بۆ ناوی عەرەبی ریسواو مەحکووم بکرێ‌و کۆڕو کۆبوونەوەو سمیناری لەسەر بگێڕدرێ.

٢-کۆمەڵەو گروپ بۆ داکۆکی کردنی لەمافەکانی ئاوارەبوانی سیاسەتی بەزۆر راگواستن و بەعەرەبکردن پێکبهێنرێ.

٣-نیشتەجێ کردنی ئەو ئاوارانە لەشوێنی تایبەت و هاوکاری کردنیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی سەربە UN بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان و شوێنی نیشتەجێ کردنیان.

٤-ناردنی یاداشت و نارەزاییو سەردان کردنی ئەو لایەن و دەزگا بەرپرسە نێودەوڵەتیانەی کە پەیوەنداری چاودێری یاسا نێودەوڵەتیو مافەکانی مرۆڤە.

## مێژووچەیەکی شارۆچکەی دیبەگە

شارۆچکەی دیبەگە مەڵبەندی ناوچەی کەندێناوەیە، کەوتۆتە رۆژئاوای باشووری شاری هەولێرو ٤٢ کم لەو شارە دوورەو لەپاڵ گردۆڵکەکانی زوورگەزراوەو رووبەرەکەی (١٢١٠٠) دۆنم و بەپێی دوایین سەر ژمێر ژمارەی دانیشتوانی ١٢٢٥ ماڵ و (٩٠٠٠) کەسە[1]، لەدوو گەرەکی سەرەکی پێك دەهات (سلێمان ئاغا (بارزان)و حەسەن ئاغا (ئاشتی)، بەرێگایەکی قیرتاوی ٤٢ کم بەهەولێرو (٢٨) کم بەقەزای مەخموور بەستراوەو بەدوو رێگاش کە یەکێکیان قیرتاو ئەوی دیکەیان نەوتی رەشە بەگوێرو دوبز بەستراووەتەوە.

سنوورەکانی

لەباکووردا/ زوورگەزراو

لەباشووردا/ سۆفی سمایل و دێمەکار

لەرۆژهەڵاتدا/ کاریتان

لەرۆژئاوادا/ چل هەوێزە

## ناوی دیبەگە

ئەگەرچی زۆربەی خەڵك وامەزندە دەکەن کە ناوی دیبەگە لە(دێی بەگان) هاتبێ، بەلام زۆربەی ریش سپیەکان و شارەزاکان وای بۆ دەچن کە ناوەکەی لەوشەی (دووبێك) بەناوی ئەو بەردەی لەکاتی خۆی گەنمیان پێ کوتاوەو شوێنەکەی لەپشت دائرەی کارەبای دیبەگە بوو هاتووە.

## مێژووی ئاوەدانکردنەوەی دیبەگە[2]

شوێنەوارو پاشماوە کۆنەکانی ناوو دەرەوەی شارۆچکەی دیبەگە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ناوچەیە لەدەورانی کۆن و ناوەراست و نوێدا ئاوەدانی کەم و زۆری بەردەوامی تێدابووە، پێش هاتنی گەردییەکان لەسەدەی هەژدەم لەلایەن بڵباس

---

١-رۆژنامەی رێگای کوردستان ل٧ ژمارە ٤١٥ بەروار ٢٠٠٠/٨/١٦

٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ریش سپیو ئاگادارێکی دیبەگە (چاوشین ئەحمەد، حاجی رەحمان فەرحان، مامۆستا کەریم حمەجان) لەساڵی ١٩٩٩ لەوادەی جودادا.

و بابان ئاوەدان بووە[1]، پاشان لەگەڵ هەندێ لەماڵی (بڵباس) ئەم شارۆچکەیە باردەکەن بۆ گوندی جانە، دوای هاتنی (حەمە سادق) ئاغا بۆ دیبەگەو رووداوێکی بچوك گەردییەکان زۆربەیان بار دەکەن لەو رۆژەوە تاوەکوو راگواستنی کورد بەشێوەیەکی زۆرەملیانە بەکوردانی عەشیرەتەکانی (گەردیو سیان و ئۆمەربل و فەقێ مەرکیو مامەسێنیو لەك و نانەکەلیو بندیان.. هتد) ئاوەدان بووە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣ چەند ماڵێکی عەرەبیان بۆ هێناوە ئێستا لە (١٠٠) ماڵ تێ دەپەرێ، کە زۆربەیان لەعەشیرەتی (الجمیلی)ن.

## شوێنە دیارەکانی دیبەگە

**١-کانی داودە ڕەش:** ئاوێکی شیرینی زۆری هەبوو تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو، دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بۆ ئاو خواردنەوە بەکاریان هێناوە لەسەرەتای شەستەکان بەیەکجارەکی چکی کردوە، کەوتۆتە نزیك گۆڕستانی داودە ڕەش لەگەڕەکی (حەسەن ئاغا).

**٢-گۆڕستانی داودەڕەش:** گۆڕ ستانێکی گەورەیەو لەسەر گردێکی بەرزی گەرەکی ئاشتی (حەسەن ئاغایە) ریش سپییەکان وای مەزەندە دەکەن ئەم گۆڕستانە هی بابان و بڵباسەکانەو کە پێش سەدەی هەژدەمی زایینی لەو شارۆچکەیە نیشتەجێ بوون.

**٣-کانی حەسەن ئاغا:** لەنزیك تاقانی گەڕەکی ئاشتی سەر ڕێگای چل هەوێزەیە تاچۆلکردنی ئاوێکی سازگارو شیرینی کەم و زۆری لێ دەهات.

**٤-تك تکۆك:** شوێنێکە لە بەینی دیبەگەو ئاقاری چل هەوێزەیە، لەناو شاخێکدا تك تکە ئاو دێتە خوارێ بۆ ناو حەوزێك.

**٥-خانی مەلا کوتە:** لەنزیك ئاواییی گەڕەکی حەسەن ئاغایەو شوێنێکی هەڵکەنراوە لەناو شاخێکدا وەك حوجرەیەکی بچوك، کاتی خۆی مەلایەکی شەمولە (کورتە باڵا) لە دیبەگە هەبووەو ناوی مەلا کوتە بووەو ئەو لەوێ دەوری کردۆتەوەو قورئانی خوێندووە.

**٦-عەمباراو:** لەناو زوورگەزراوە لەپشت گەڕەکی سلێمان ئاغا عەمبارێکی گەورەیە لەشاخ دروست کراوەو ئاوێکی بەردەوامی تێدایە.

**٧-شاخاو:** لەناو زوورگەزراوەو لەناو شاخدا ئاوی لێ دێتەدەر بۆیە پێی دەگوترێ شاخاو.

---

[1] ١-هەردوو گۆڕستانی سەید عوبێدو داودە ڕەش وامەزندە دەکرێ بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە.

**٨-گردی سەید عوبێد:** شوێنێکی بەرزە لەناوەڕاستی شارەکەدایە (دیبەگە)، بەسەدان گۆڕی تیادا تەنراوە، وامەزەندە دەکەن ئەم گۆڕستانە هی بابان و بڵباسەکانی پێش گەردییەکانەو گۆڕێکی (چاکێکی) لێیە بەناوی سەید عوبێد.

**٩-کەندێ بیران:** لەناوەڕستی گەڕەکی سلێمان ئاغا دایەو چەندین بیری ئاوی شیرین و تاڵاوی تیادا هەڵکەنراوە، بیری کاکەی مەلا قادری، عەزیز پیرداود، قادر حوسك، مام هەباس، شێ مەحمەد حاجی تەها، مام ئۆمەر، عەزیز عەیشۆك، خدر عەیشۆك و مام وسوو عوسمان باپیرو نامیق رەشەو، هەندێکی دەست هەڵچێن بووەو هەندێکی دیکەش چەند مەترێك قوڵ بووە.

**١٠-گردی سەڵکان:** لەنزیك گوندی کاریتانەو بەرزەو بەسەر هەموو گردەکاندا دەنۆڕێو سەڵکی هەموو گردکانە بۆیە پێی دەگوترێ (گردی سەڵکان)، هەندێ پروسکە ئێسکی تا ئەم دواییینە تێدا مابوو دەڵێن کاتی خۆی هەندێ کەللە سەری ئادەمیزادی تێدابووە بۆیە پێی گوترایە (سەڵکان) (سەرکان).

**١١-تاقان:** ئەو بەینەی دەرەوەی نزیك شارۆچکەی دیبەگە بۆ زوورگەزراوە، کە هەڵەتێکە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت و چۆلەوانیە پێی دەگوترێ تاقان.

**١٢-حەوشۆران:** گۆڕەپانێکە لەنێو دۆڵێکەو حەردی سۆرەبانەو لەبەینی ئاقاری دیبەگە (حەسەن ئاغا)و چل هەوێزەیە.

**١٣-کەندێ کۆتران:** لەنزیك شاخاوو عەمباراوە کۆترە کێوی زۆری تێدایە بۆیە پێی دەگوترێ کەندی کۆتران.

**١٤-شاخەباریکە:** لەنزیك کەندی کۆترانەو شاخێکی باریکە لەسەر دۆڵێکی تەمۆخاوییە (کالیسیوم)و، لە گوندی کاریتان نزیکە.

**١٥-سێ زوورگان:** گردێکە بەرزە لەنزیك گوندی کاریتانی بناری زوورگەزراوەو هەندێ پاشماوەی ئیسك و پروسکی بنیادەمی تائێستا تێدا ماوە.

## لەرووی ئیدارییەوە

سەر بەپارێزگای هەولێرو قەزای مەخموور بوو، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم کراوەتە ناحیەو لە (٧٢-٧٤) گوند پێکهاتبوو.

## لەرووی دەزگاکاندا

**بەڕێوەبەری ناوچە (مدیر ناحیە):**

هەندێکی دەورانی پاشایەتی: جەمیل میران، عەبدولباقی، ئەحمەد فەخری، جەمال بابان، جەلال بیلال پیربال، ئیحسان تاڵەبانی، حەسیب پشدەری.

هەندێکی دەورانی کۆماری: محەمەد سدیق، جەلال خۆشناو، جەبار زەنگەنە، جمعە نصیری، رەقیب حوسێن مەلا، ضاري البیاتي، وحید البدري، تەلعەت هادی سیان ،سالح عەلی خۆرشید، نوری کانەبی، ابوثامر (فلیح سلمان) ، ، (ناجی العبیدی)، رەمزی مەعروف، حسین خۆشناو ،ئەردەلان عەزەدین هەرکی.

## قوتابخانە:

یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان لەدیبەگە ١٩٣١ دامەزراوەو لەحوجرەی مزگەوتی گەورەی دیبەگە بووەو بەڕێوەبەرەکەی حاجی رەشید ئەفەندی بوو، پۆلی یەکەمی لە (٦) قوتابی پێك هاتبوو (سمایل حەمە جان، نوری عەولا مام وسو، ئەحمەد حەسەن ئاغا (کاکە ئەحمەد)، سالحەجوو (خەڵکی گوندی عاڵلابوو)، بایز سمایل ئاغا، کەمال عەبدول قادر (کوڕی کاتب ناحیەی ئەوسای دیبەگە)[1].

هەندێ لەبەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکانی دیبەگە:

مامۆستا ئەسکەندەر، مەتی جیجۆ، م.نەزیر، م.نوری، ئەسعەد محەمەد نوری، هاشم حەمەدئەمین، لەساڵی ١٩٢٣-١٩٢٤ یەکەم قوتابخانە بەقوڕ دروست کراوەو قوتابخانە بەردەکەش لەساڵی ١٩٥٩ دروست کراوە.

## هەندێك لەقومیسەرەکانی دیبەگە

((عەلی والی (عەلی قامچی ڕەش)، سالح خۆشناو، فازل شەهاب، حاجی محمەد زازە، خەیری شەهاب، فازل شەهاب، حەسەن نەبی، کەمال حاجی خورشید، هەمزە عبود، هاشم و فاخر زێدبەگی، فەیزە هادی ئاغا، سەید گوڵ بابەشێخ بەرزنجی، قاسم مەلاڕەش)). لەسەردەمی عوسمانیەکان بنکەی پۆلیس لەگوندی کاریتان بوو.

## لە مەلا بەناوبانگەکانی مزگەوتی گەورەی دیبەگە

مەلا سالحی کۆزەپانکەی/ لەچلەکان

مەلا سمایل تاکۆتایی شەستەکان

مەلا عەزیز گەردی لەدوای حەفتایەکان

مەلا سلیم (گەڕەکی بارزان) (حەسەن ئاغا)

* دیبەگە لەساڵی ١٩٦٩ کارەبای بۆ هاتووە، لەسەردەمی تەلعەت هادی هەروەها لەناوەڕاستی شەستەکان لەسەردەمی (وەحید البدری) ئاوی لە دوبز بۆ راکێشراوە.

---

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ خوالێخۆشبوو بایز ئیسماعیل ئاغا ١٩٩٩/١٠/٢٣.

* بطرس و زمایـە: دوو بریـن پێچـی سـاڵانی پـەنجاکان بـوو قـادر خـدر بەردەسـتی دەکردن.
* د.طارق. ئەنوەر وەلی، طارق بهاءالدین،نیاز میران، محمد پاکستانی، خانزاد ناصح داود، ئەمانە چەند دکتۆرێکی لەوادەجودای ئەو شارۆچکەیە بوون.

## لەڕووی سیاسییەوە

لەشوعیە کۆنەکانی دیبەگە، عەزیز نەقار، عەزیز عەلی ناسراو بە عەزیز مامز، حەنۆکە جوو، مەدحەت خدرسیان، (مەدحت بیٚخەو).
ئەمانە لەرێگای برایم خۆشناوو یحیی ناوێکی (عەرەب)ی دورخراوەی بەغدایی بۆ دیبەگە رێکخراون.
لەکۆتایی بیستەکان: حەمەد کوردەو خدر عولا خدر ناسراو بە خدر عەیشۆک هەوادارانی مەلیکی کوردستان (شێخ مەحموودی) نەمر بوون.

**پارتیەکان:**

کەریم عارەب، ساڵح شێرە، عەزیز پیرداود، تۆفیق عومەر، باپیر عەلی هەباس، تۆفیق حاجی مەحموود لەهەوادارانی حزبی هیواو رزگاری بوون.

**لە پە نجاکان:**

ئەحمەد مەحموود، مەحموود سەلمان، سەلیمی حاجی سمایل، جەوهەر سەلیم سۆنە، تۆفیق خەجە کۆر، رەشید خەجە کۆر، هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.
لەچلەکان: خوێندکاران ناحیەیان داوەتە بەربەردان و گوتوویانە:

**چیتان دەویٚ سەربەستی**
**کچ و کوڕ پێکەوە ڕاوەستی**
**عەباو پێچە هەڵستی**[1]

لەساڵی ١٩٤٨ ئاهەنگی نەورۆز لەسەر کانی حەسەن ئاغا کراوەتەوە لەلایەن یەکێك لەنۆکەرانی رژێمی پاشایەتی خەبەریان لیٚدراوەو لەمەحکەمەی عورفی بەغدا بۆ ماوەی سالێك (عزیز پیرداود، حەنۆکە جوو، تۆفیق عومەر، تۆفیق حاجی مەحموود، فەقیٚ عولا) گیراون.

---

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر عومەر ٢٠٠٠/٩/٣٠.
چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی رەحمان فەرحان ١٩٩٩.

هەروەها حاجی جمال حاجی برایم[1] یەکێ لەگیراوە سیاسیەکان بووە لەساڵی ١٩٤٩ لەسەر (وەثبە) گیراوە.

## چا یخانەکانی ساڵانی چل

(حمدامین چایچی، خالند مام ئەحمەد، حەمید رەسووڵ (مختار) کەریم حەسەن قادر، ئەحمەد قاپڕەش، غەفوور ئیبراهیم) [2].

چایخانەکانی دوای ساڵانی پەنجا

(رەشید رەزا، نادر قادر، حەسەن مام وسو، رەشید عەزاو، سالح سمایل سێودین، عوبێد سمایل سێودین، حسێن مام عوسمان).

## پەستەکانی ساڵانی چل و پە نجاکان

(نجم کوڕ، حەسەن دایی، حەمەو عەلی عارەب، محەممەدە پوت، عومەر گالۆن، جەلال سمایل).

لەسەرەتای شێستەکان

سەیفەددین حاجی برایم، عوسمان و قادر مەحموود، سوارە حەمەد کوردە، رەحمان ئەحمەد، مام سەلام قاسم.

حاجی برایم قادر: یەکەم قوماش فرۆش.

کریم بەربەر: یەکەم سەرتاش

خدر ئەحمەد سیان: یەکەم بریکاری شەکرو چا

حەنۆکە جو: یەکەم بریکاری شەکرو چا

داودۆکە جو: دێوەرەو خمچی

حاجی ئەحمەد: ئاسنگەر

خورشید کورەچی: کورەچی

حاجی برایم تەنەکەچی: نەوت فرۆش

---

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی جەمال حاجی برایم ٢٠٠٠/١٠/١٣.

٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ م.کەریم حمەجان ١٩٩٩.

## سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانە
## کە کەڵکی زۆرم لە زانیارییەکانیان وەرگرت

١-مامۆستا کەریم حەمەجان/ دیبەگە
٢-بایز سمایل ئاغا کاریتانی (خوالێخۆشبوو)
٣-حاجی رەحمان فەرحان/ دیبەگە
٤-حاجی جەمالی حاجی برایم/ دیبەگە
٥-قادر حاجی عومەر (قادر قەرەچووغ)
٦-چاوشین مەولود ئەحمەد (خوالێخۆشبوو)
٧-عەلی شەریف (لاوەر)
٨-جەوهەر سەلیم قادر (دیبەگە)
٩-بەهرەم سمایل عەلی (دیبەگە)
١٠-مام قادر سلێمان (تەلەلخێمی گەورە)
١١-یاسین قادر (تەلەلخێمی گەورە)
١٢-عەبدوڵلا حەسەن (سەید عوبێد)
١٣- ناجی عەزیز کارەسووڵ (دێمەکار)
١٤- خالید رەحمان سوڵتان (کاریتان)
١٥- پیرداود کوێخا سمایل (خدر جیجە)
١٦- مەحەمەد برایم قادر ئەرکی نووسینەوەو نەخشەکێشانی ناوچەکەی لەئەستۆگرت.

# سەرچاوەکان


١-النفط وتأثير على عمليات التهجير والتعريب، مجموعة من طلاب بكالوريس جامعة صلاح الدين كلية الاداب قسم الجغرافية لسنة ١٩٩٩-٢٠٠٠، دراسة غير منشورة.

٢-ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان، (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس) ئەمین قادر مینە، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی/ چاپی دووەم سولەیمانی ١٩٩٩.

٣-جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق: کۆمەڵێك لەمامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین چاپی سەنتەری برایەتی/ هەولێر ١٩٩٨.

٤-جوگرافیای کوردستان: ئەمین جەلال بەگ سولەیمانی ١٩٩٨.

٥-کوردەکانی سەردەمی عوسمانی/ جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی کاوێس قەفتان ١٩٨٧ چاپی یەکەم بەغدا.

٦-التطهير العرقي في كوردستان العراق وحملة الانفال بحق الكورد ميدل ئيست ويج- ترجمة د.رزگار دهۆك/١٩٩٧.

رۆژنامەکان

١-کوردستانی نوێ ژمارەکانی: ٢٢٢٦، ٢٢٦٥، ٢٢٦٠، ٢٢٩٠، ١٧٢٥.

٢-رێگای کوردستان ژمارە: ٩١٥.

ئەم پەرتووکەی بەڕێز مامۆستا کاوە نادر (کەندێناوە لەنێوان راگواستن و بەعەرەبکردندا) هەوڵێکی دڵسۆزانەو وڵاتپارێزانەیە بۆ بەرگرتن لەسیاسەتی راگواستن و بەعەرەبکردن و نیشاندانی کاریگەری سلبیانەی ئەم پیلانە گڵاوەی رژێمی داگیرکەری عێراق لەسەر دوارۆژی ئاسایشی نەتەوەییمان.

ئەم دەڤەرەی مامۆستا (کاوە نادر) لەسەری نووسیوە (دەڤەری کەندێناوە) دەڤەرێکی زۆر گرنگی باشووری کوردستانەو یەکێکە لەدەڤەرە دەوڵەمەندەکانی کوردستان چ لەڕووی زۆری کانە نەوتەکان و چ لەڕووی بەپیتی زەوی‌و زاری کشتوکاڵی بێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە رژێمی داگیرکەری عێراق چاوی تێبڕێت و لە ئابی ١٩٨٨ خەڵکە تێکۆشەرەکەی رابگوازێ و بەعەرەبکردن بکات، لەبەر ئەوەی رژێم بەردەوام هەوڵی داوە شادەماری ئابووری کوردستان بپڕێت.

غەفوور مەخمووری

Kawe NADIR

# KENDENAWE

## Le nêwan ragiwstin û be erebkirdinda

2001